PDF4Kurd

# ئەدەبی گەلان

# چەند ئەفسانەیەک لە کارییییەوە

محەمەد کەساس

کردویەتی بە کوردی

PDF4Kurd

**وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان**

- ***ناوی کتێب: ئەدەبی گەلان چەند ئەفسانەیەك لە کاریبییەوە***
- ***نووسەر: ئەدەبی گەلان***
- ***وەرگێرانی: محەمەد کەساس***
- ***پیتچنین: نەورۆز***
- ***دیزاین: زانا کەمال***
- ***دیزاینی بەرگ: زانا کەمال***
- ***تیراژ:*** *750*
- ***زنجیرە:*** *157*
- ***ژمارەی سپاردن:*** *344* ***وەزارەتی رۆشنبیری***
- ***چاپ: ئەلەند***

PDF4Kurd

## ئەفسانەی کۆستاریکا

## کیژۆڵەی دارستان

دەگێڕنەوە، سەدان ساڵ لەمەوبەر هۆزێکی هندی لە نزیك کەنارە لماویەکانی کۆستاریکا لەسەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسی نیشتەجێ بوون و لەنزیکیشیانەوە دارستانێکی چڕ هەبوو کە دەیان گیانلەبەری جۆراوجۆری تیا دەژیا. دەگێڕنەوەو دەڵێن: لەگەڵ ئەو هۆزەدا لاوێکی بەهێزو جەنگاوەری دڵڕەق دەژیا، کە دۆست و دوژمنەکانیشی لەیەك کاتدا لێی دەترسان، تەنانەت گیانلەبەرەکانی ناو دارستانەکەش لەدڵڕەقیی ئەو رزگاریان نەبووە.

لەو گوندەی کە ئەو هۆزەی تیادەژیا، کیژۆڵەیەکی شۆخ و شەنگ هەبوو، هەمو خەڵك خۆشیان دەویست لەبەر ئەوەی رەوشتی جوان و گەلێك دڵنەرمیش بوو، زۆربەی کاتەکانیشی لە چارەسەرکردنی بریندارەکان و چاودێریکردنی نەخۆشەکاندا بەسەردەبرد، ئەم کارەشی بوو بووە سەرچاوەی ئاسودەیی بۆی. کاتێك لاوە جەنگاوەرە دڵڕەقەکە گەورەبوو، بیری لەوەکردەوە کە ژن بێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو کیژۆڵەیەی دەست نیشانکرد، چونکە پێشتر تیمارو چارەسەری برینەکانی بۆکردبوو کە لەیەکێك لە جەنگەکاندا بریندار کرابوو.

باوکی کیژۆڵە دڵ نەرم و رەوشت باشەکەش کە پیاوێکی پیرو بەتەمەنی هەژاربوو، نەیتوانی داوای ئەو لاوە دڵڕەقە رەتبکاتەوە، ئەوەش لەترسی دڵڕەقیەکەی، لەوەڵامی لاوەکەدا وتی:

– کیژی من هێشتا منداڵەو کاتی شووکردنی نییە.

لاوەکەش وتی :–

* لەم گوندەدا کیژی زۆر لە کیژەکەی تۆ منداڵتر شویانکردوە.

–ئەمە راستە، بەڵام کیژی من دەیەوێت یارمەتی برینداەرکان و گیاندارەکان بدات، ئەگەر شوو بە تۆ بکات، ئەوا ناچارە لەو کارە چاکەی خۆی دوربکەوێتەوە.

* دەبێت شووم پێ بکات، ئەگەر نا، ئەوا پارچە پارچەت دەکەم، باش بیربکەرەوە، سبەینێ وەڵامم دەوێ، دەبێ ئەوەش بزانیت کە کیژەکەی تۆ دەکەمە هاوسەری خۆم، زۆر لەسەرم دەکەوێت. لاوە دڵڕەقەکە، دوای ئەوەی ئەو قسانەی کرد، رۆیشت، پیرەمێردەکەش بەحەپەساوی مایەوەو نەیدەزانی چی بکات!!؟، بەڵام بڕیاریدا ئەوەی رویداوە بۆ کیژەکەی بگێڕێتەوە، کاتێك کیژەکەی گەڕایەوە ماڵەوە، وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی بەدەم ڕێوە گۆرانی (ترێ)ی دەچڕی، باوکی حەزی نەکرد کیژەکەی نیگەران بکات، ناچار بێدەنگ بوو، وەلێ کیژۆڵەکە هەستی کرد، بەسیمای باوکیەوە دڵتەنگیەك دیارە، لێی پرسی:

– باوکە، چی رویداوە، بۆچی دڵتەنگیت..!؟.

باوکیشی وتی:

* حەزم کرد هیچ شتێکت پێ نەڵێم، بەڵام ناچارم پێت بڵێم، ئەوەش ئەوەیە: (بایسا)ی جەنگاوەر هاتە ئێرەو داوایکرد تۆ شووی پێ بکەی.

PDF4Kurd

کیژۆڵەکەش روخساری گرژکردو وتی:

–ئەی تۆ چیت وت، بابە...!؟.

* پێم وت، کیژەکەم هێشتا مناڵەو کاتی شووکردنی نییە.

– ئاسودەم بەو قسەیەت، ئەو کوڕە زۆر بێزراوەو حەزناکەم شووی پێبکەم، ئەی پاش ئەوە چی پێ وتیت؟.

* ئەو وتی: سبەینێ دێمەوەو ئەگەر تۆش ناڕازی بیت، هەردەیکەمە هاوسەری خۆم .

– بەهەڵەدا چووە.

* کچەکەم...من وای بەباش دەزانم قایل بیتو شووی پێ بکەیت، لەبەرئەوەی بەدەستەڵاتەو زیانمان پێدەگەیەنێت.

– چی رودەدات... باڕوبدات، من شووی پێناکەم.

لە رۆژی دوایدا (بایسا) گەڕایەوە بۆ ماڵی پیرەمێردەکەو پێی وت:–

– وای بۆ دەچم، دوا بڕیاری خۆت دابێت...!.

* نەخێر... کیژەکەم نایەوێت شووت پێ بکات.

لاوەکە بەگاڵتەجاریەوە پێکەنیو وتی:

– لەوە دەچێت نەزانیت کە سەرکردەی هۆزەکە منی بە بەهێزترین کەس لە قەڵەم داوە، بەڵکو لە هەموو جەنگاوەرەکانیش پێکەوە بەهێزتر...!؟.

* بەڵێ... ئەوە دەزانم.

– ئایا دەزانیت، هەر سەرکردەی هۆز دەتوانێت فەرمانت پێ بکات کە کچەکەتم بدەیتێ...!؟.

* بەڵێ... ئەوەش دەزانم، بەڵام من ئەگەر کچەکەمت بدەمێ، بەرەزامەندی خۆی نییە.

– زۆرباشە... سبەینێ دێمەوە کیژەکەت دەبەم، هەموو شتێکم بۆ مەراسیمی ئاهەنگەکەی ئامادەکردووە. کاتێکیش کیژەکە لەدارستانەکە گەڕایەوە، باوکی بەچاوی فرمێسکاویەوە پێشوازیکردو پێی وت.

* کچی خۆم... سەرکردەی هۆز ناچارم دەکات بەزۆر بتکەم بەهاوسەری لاوە دڵڕەقەکە، هەروەکو دەشزانیت،(بایسا) رێزێکی زۆری لەلای سەرکردەی هۆزەکەمان هەیەو رەتکردنەوەی بڕیاری سەرکردەی هۆزیش زیانمان زۆر پێدەگەیەنێت.

– باوکە... هێندە بێ هیوا مەبە، هێشتا هیوا ماوە!.

* من هیچ چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە شك نابەم.

– باشە، باوکە...تۆ بیرت لەوە نەکردوەتەوە کە من دەتوانم هەڵبێم و لەناو دارستانەکەدا خۆم حەشاربدەم؟ من هەموو رێگاکانی ناو دارستانەکە زۆر بەباشی شارەزام و هەموو حەشارگەو کەلەبەرەکانیشی دەزانم...!؟.

لەسەرەتادا، پیرەمێردەکە دڵخۆش بوو، بەڵام پاش کەمێك نیگەران بووەوەو وتی:

* ئەگەر بچیت بۆ دارستانەکە، ئەوا من لە ئێستاوە ناتوانم چاوم پێت بکەوێت، گەر

PDF4Kurd

بمەوێت بە دواشتا بگەڕێم، ئەوا دوام دەکەون و شوێنەکەت ئاشکرا دەبێت.

–بەشوێنما مەگەڕێ، لەشەودا، کاتێك خەڵك هەموو دەخەون، من دەگەڕێمەوە بۆ لات.

* باشە... باوابێت، ئێستا بڕۆ، منیش بە(بایسا) دەڵێم: کە من هیچ شتێك نازانمو تۆش کتوپڕ لەچاوان ون بویت و دیارنەماویت.

باوکە پیرەکە، ماڵئاوایی لە کیژەکەی کردو فرمێسکیش لەچاوەکانیا قەتیس مابوو.

بۆ رۆژی دوایی، بایسا لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێ جەنگاوەرەکانیدا بۆ بردنی کیژۆڵەکە هاتن بۆ ماڵی پیرەمێردەکە،پیرەمێردەکەش پێی وتن کە کیژۆڵەکەی لەپڕدا دیارنەماوە، لاوەکەش وتی:

–(بەتوڕەییەوە) چۆن کیژەکەت دیارنەماوە!؟.

* نازانم...تەنانەت شوێنەکەشی نازانم.

– ئەوە چی دەڵێی؟ لە کوێت شاردۆتەوە؟.

* وتم نازانم... ئیتر شاردنەوەی چی...؟.

– من بەشوێنیدا دەگەڕێم هەتاکو دەیدۆزمەوە، ئەوەش بزانە... گەر بۆم دەربکەوێت تۆ شاردوتەوە، دەگەڕێمەوەو هەردوو چاوانت دەردێنم.

* چی دەکەی، بیکە... بەڵام دڵنیابە کە نازانم لە کوێیە!؟.

* دەچم لەدارستانەکە بۆی دەگەڕێم و دەیدۆزمەوە، من لەوانە نیم کە بەئاسانی گاڵتەم پێ بکرێت، دڵنیات دەکەمەوە کە دۆزیمەوە سزای توندی دەدەم.(بایسا) و هاوڕێکانی رۆیشتن بۆ دارستانەکە، ئەوان دەیانزانی کە دارستانەکە تاکە شوێنەکە ئەو کیژە هانای بۆ ببات، لەنێوان خۆیاندا دەیانگووت:

تۆ بڵێی لە کوێ بێت؟، بەڵام پاش کەمێك هەمویان وەڵامی ئەو پرسیارەیان وەرگرتەوە، بەوەی هەموان گوێیان لەدەنگی گۆرانی چڕینی کیژۆڵەکە بوو کە لەناو دارستانەکەدا دەنگی دەدایەوە.

بایسا بەشادمانیەوە هاواریکرد:

– راکەن بەرەو پێری دەنگەکە بڕۆن، ئەم ناوچەیە گەمارۆ بدەن، بۆ ئەوەی دەرباز نەبێت، ئێستا دەزانێت گاڵتەپێکردنی بایسا مانای چییە!؟. جەنگاوەرەکانی هاوڕێی بایسا، گەمارۆی سەر ناوچەکەیان لە دارستانەکە تەسکترکردەوە، هەتاکو هەمویان لە خاڵێکدا یەکیانگرتەوە، بەڵام نەیانتوانی کیژۆڵەکە بدۆزنەوە، بەمەش زیاتر تووشی سەرسامی و شۆك بون، چونکە بەردەوام گوێبیستی گۆرانی چڕینی کیژۆڵەکە دەبوون، بەڵام پاش ساتێك کیژۆڵەکە بێدەنگ بوو، بایسای دڕندەش وتی:

– لەوە دەچێت چاوی لێمان بێت، بەڵام دڵنیابن کە ناتوانێت لە دەستمان هەڵبێت. هەوڵو ماندووبونی جەنگاوەرەکان بۆ دۆزینەوەی کیژۆڵەکە بەهەدەرچوون، ئەمەش هێندەی تر بایسای توڕەو نیگەران کردو بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ گوندەکە بۆ ئەوەی سبەی بەیانی

PDF4Kurd

لەگەڵ ژمارەیەکی زۆرتری جەنگاوەراندا بگەڕێنەوە بۆ دارستانەکە.

هێشتا زۆر دوور نەکەوتبوونەوە، جارێکی تر گوێیان لەدەنگی گۆرانی وتنی کیژۆڵەکە بووەوە کە بەدەنگی بەرز گۆرانی دەچڕی، هەروەکو ئەوەی گاڵتەیان پێ بکات، هەر لەگەڵ جەنگاوەرەکان لەدارستانەکە دوورکەوتنەوەو لەچاوان ون بوون، کیژۆڵەکە لە شوێنەکەی خۆی هاتەدەرەوە کە جگە لە خۆی کەسی دیکە شوێنەکەی نازانێت، بۆ رۆژی دوایی(بایسا) چوە لای سەرکردەی هۆزەکەو هەموو ئەو شتانەی بۆ گێڕایەوە کە لەدارستانەکە رویانداوە وپێی وت:-

- پێویستە فەرمان بدەیت بەسەربازەکانت کە لەژێر فەرماندەیی مندا بگەڕێینەوە بۆ دارستانەکە، لەبەر ئەوەی ئەو کیژۆڵەیە گاڵتە بەمنیش و بە تۆش دەکات.

سەرکردەی هۆزەکەش وتی:

* چەند سەربازت پێویستە لەگەڵ خۆت بیانبە.

- زۆرباشە... با لەگەڵ کازیوەی بەیانیدا ئامادەبن. لەشەودا و لەکاتێکدا کە هەموو خەڵکی گوندەکە لەپرخەی خەودا بوون، کیژۆڵەکە لە حەشارگەکەی خۆی لەناو دارستانەکە هاتە دەرەوە و زۆر بە وریاییەوە رویکردەوە ناو گوندەکە بەرەو ماڵی باوکی، کاتێك گەیشتە ماڵەوە، باوکی بەبینینی کیژەکەی زۆر دڵخۆش و ئاسودەبوو، پاش ئەوەی پێکەوە دانیشتن باوکەکە بە کیژۆڵەکەی وت:

- سبەینی بەیانی هەموو جەنگاوەرەکان بە فەرماندەیی (بایسا) بەشوێنتا دەگەڕێن تاکو ئەتدۆزنەوە.

* دوو دڵ مەبە، بابەگیان... دڵنیابە لەوەی ئەوان هەمویان ناتوانن حەشارگەکەم بدۆزنەوە. بەر لەوەی تیشکی خۆر سەر دەربێنێ و بیدات لەناو ماڵەکانی گوندەکە، کیژۆڵەکە ماڵەوەی جێ هێشت وبەرەو دارستانەکە گەڕایەوە.

بەر لەوەش کە رۆژبێتەوە هەمو جەنگاوەرەکان ئامادەبوون بەرەو دارستانەکە بەرێکەوتن، (بایسا) فەرمانی دەرکردو هەندێك رێنمایی پێویستی پیدان، بەڵام سەرجەم جەنگاوەرەکان و تەنانەت خەڵکی گوندەکەش بەم هەڵوێستەی(بایسا) دڵخۆش نەبوون، چونکە هەمویان کیژۆڵەکەیان خۆشدەویست، ژنانی گوندەکە کە لەنزیك ماڵی سەرکردەوە کۆبووبوونەوە و لەوبارودۆخە نیگەران بوون، لەنێوان خۆیاندا کەوتنە گفتوگۆ، یەکێکیان لەو بارەیەوە وتی:

- ئەو کیژە، باشترین کیژە لەم هۆزەدا.

* زۆر دڵڕەق و دڕندەیە(یەکێکی تر بە بایسای وت).

یەکێك لە ژنە بەتەمەنەکانیش وتی:

- پێویستە من هەوڵ بدەم رێی لێبگرم.

* نەکەی، بایسا دەتکوژێت.

ژنە بەتەمەنەکە بەدەم وەڵام دانەوەوە بەرەو رووی بایسا رۆیشت و دەیوت:

- هەست ناکەم هێندە جەربەزەبێت من بکوژێت. کاتێك (بایسا) چاوی لێبوو پیرێژنەکە

PDF4Kurd

بەرەو رووی دێت، بەوپەڕی هێزەوە پاڵێکی پێوەناو خستیەسەر زەوی‌و پێی وت:

– دوورکەوەرەوە پیرێژن.. چی دەکەیت لێرە؟.

* هاتووم رێت لێبگرم ئەو تاوانە نەکەیت، ئەو کیژۆڵەیەی دەتەوێت شوێن پێی هەڵگریت، باشترین کیژە لەم گوندەدا.

یەکێك لە جەنگاوەرەکان وتی:

– ئەوەی پیرێژن دەیڵێت راستە.

(بایسا) زۆر توڕەبوو، رمەکەی بەرزکردەوەو بە توندی کێشای بەپیرێژنەکەداو کوشتی، پاشان فەرمانیدا ئەو جەنگاوەرەش بەیەکێك لە درەختەکانەوە ببەستنەوە پێی وت:

– ئەو کاتەی بەنێچیرەکەمەوە لەدارستانەکەوە دەگەڕێمەوە بۆ ناو گوندەکە گاڵتەجارێت پێدەکەم و دەتکەم بەنیشانەی رمەکانم، ماوەیەکە مەشقی رمبازی‌و تیربازیم نەکردووە، دەمەوێ بزانم تیرەکانم لە دورەوە لەدڵتا دەچەقن یان، نەء ...؟ ، دواتر(بایسا) رویکردە هەمووان‌و وتی:

– گوێتان لێبوو لەوەی وتم؟، هەر کەسێك سەرپێچی فەرمانەکانم بکات، هەمان چارەنووسی دەبێت، مقۆ مقۆو ژاوە ژاو کەوتە نێو ژنەکانەوە، بایساش رویتێکردن‌و پێی وتن:

– دەبێ هەمووتان بزانن، ئەوەی بەپیرێژنەکەم کرد ببێتە پەندو عیبرەت بۆتان.

دوای ئەوەی بێدەنگی‌و کپیی سەراپای خەڵکەکەی گرتەوە، بایسا فەرمانی بەجەنگاوەرەکاندا بەرەو دارستانەکە بەرێکەون، لەرێگا بۆ پشوودان هەموویان لەژێر دارچنارەکاندا وەستان‌و بایساش پێی وتن:

– ئەگەر کیژەکەتان بینی ، تیربارانی مەکەن، من بە زیندویی دەمەوێت، دەبێ لەپێشدا گەمارۆی دارستانەکە بدەین، ئەوسا وورده وورده بەرەو سەنتەری دارستانەکە بچین، لەم ساتەدا (بایسا) گوێبیستی دەنگی کیژۆڵەکە بوو کەلەناو دارستانەکە گۆرانی دەچڕی ئەمەش (بایسا)ی ووروژاندو بەتوڕەییەوە فەرمانیدا بە جەنگاوەرەکان‌و هاواریکرد–دەی خێراکەن، پێشڕەوی بکەن‌و بازنەی گەمارۆکە تەسکترو بچوکتربکەنەوە. جەنگاوەرەکانیش بەردەوام بەرەوپێشەوە دەڕۆیشتن، لەگەڵ ئەوەشدا کیژۆڵەکە لەگۆرانی بەردەوام بوو، کاتێکیش جەنگاوەرەکان لەسەنتەری دارستانەکە نزیك بونەوەو هەمویان لەیەك شوێندا یەکیانگرتەوە، هێشتا دەنگی کیژۆڵەکە بەردەوام بوو، بایساش کە زۆر توڕەو نیگەران بوو وتی:

– سەرلەنوێ گەمارۆی دارستانەکە بدەنەوەو ئاگری تێ بەربدەن.

یەکێك لە جەنگاوەرەکان وتی:

* ئەگەر ئاگر لەدارستانەکە بەربدەین، کیژۆڵەکەش دەمرێت.

– لەئێستادا حەزئەکەم دارستانەکە بسوتێ‌و ئەویش بمرێت.

یەکێکی دیکە ویستی قسەبکات، یەکسەر بایسا هەستی پێکردو پێی وت:

– زمانی ئەو کەسەش دەبڕم روبەڕوم دەوەستێ... دەی خێراکەن گڕ لەدارستانەکە

PDF4Kurd

بەربدەن.

بەڵام جەنگاوەرەکان دوودڵ بوون، ئەوان کیژەکەیان خۆشدەویست، چونکە لەکاتی جەنگەکانی هۆزەکەیاندا لەگەڵ هۆزەکانی دیکە، ئەم زامەکانی تیمار دەکردن، هەربۆیە یەکێکیان وتی:

- نابێت ئەم کارە بکەین.

یەکێکی دیکە وەڵامی دایەوەو وتی:

* ئەمە راستە... بەڵام دەبێت بزانین نەکردنی ئەم کارە، مانای مردنی خۆمانە.

یەکێکی تر سەیری(بایسا)ی کردو لەبەرخۆیەوە وتی:

-بایسا بێدەنگەو قسەش لەگەڵ کەس ناکات، لەوەدەچێت ئەویش بترسێت.

لەدوا کاتدا، جەنگاوەرەکان فەرمانەکەیان جێ بەجێکردو لەهەموو لایەکەوە ئاگریان بەردایە دارستانەکە، تەنها لەو لایەوە نەبێت کە ژمارەیەك لەسەربازەکان سەرپێچی فەرمانی بایسایان کردو جێ بەجێیان نەکرد، سەرۆکی پاسەوانەکان ئاگای لەمەبوو، چوو بۆلایان‌و پێی وتن:

- ئیوە نیازی چیتان هەیە؟ بۆچی ئاگرتان لەم لایەوە بەرنەداوە؟ دەی خێراکەن..ئاگری تێ بەربدەن هەوری دوکەڵ و ئاگری دارستانەکە ناوچەکەی داپۆشی‌و دارستانەکە بووە یەکپارچە ئاگرێکی کڵپەسەندوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەنگی گۆرانی چرینی کیژەکە دەبیسترا.

(بایسا) هێندەی تر توڕەوبوو، بەدەنگی بەرز هاواریکرد بۆئەوەی کیژەکە گوێی لێبێت:

- ئەگەر خۆتم تەسلیم بکەیت و ببیتە هاوسەرم، ئەوا لێت دەبورم.

بەڵام دەنگی کیژۆڵەکە بەردەوام خۆشترو بەجۆشتر دەبوو،(بایسا) دیسانەوە هاواریکردەوە:

- ئەرێ گوێت لێم نییە..!؟.

کیژۆڵەکە بێدەنگ بوو وتی:

* بەڵێ گوێم لێتە، بەڵام دڵنیابە لەوەی کە من مردنم پێ چاکترە لەوەی روخساری پیاوکوژێکی وەکو تۆ ببینم. لێرە بەدواوە شتێکی سەیرو نامۆ رویدا، جادو گەرەکەی گوند کە تاکو ئەو ساتە بێدەنگ بوو، لەسەر بەردێکی بەرز وەستاو بەدەنگی بەرز لە خوداوەند پاڕایەوە و وتی:

- خودایە... تکا دەکەم، باکیژۆڵەکە نەمرێت، کارێك بکە کیژۆڵەکە دەربازبێت بەبێ ئەوەی ئازاری پێبگات...داوا دەکەم سزای (بایسا)ی تاوانبارو دڕندەش بدەیت.

لەوەدەچوون خوداوەند گوێی لە نزاو پاڕانەوەی جادوگەرەکە نەبوبێت، ئاگرەکەش بەردەوام بوو لە دارستانەکەداو نێڵەنێڵی ئاگرەکەش زیاتری دەکردو بەرەو ناوەڕاستی دارستانەکە شاڵاوی دەبرد، هاوکات گۆرانی چرینی کیژۆڵەکە درێژەی هەبوو، جادوگەرەکەش جارێکی تر دەستی بەپاڕانەوە کردەوە:

PDF4Kurd

- ئەی خوداوەندە بەهێزەکان، کیژۆڵەکە رزگاربکەن‌و سزای (بایسا)ش بدەن، بابمرێت بایسا. لەسەرەتاداو لە ترسی جادوگەرەکە،(بایسا) بێدەنگ بوو، دوایی هاتەوە سەرخۆیی و وتی:

- ئەوە چی دەڵێی، ئەی پیری سەرشێت!؟.

لەکاتێکدا (بایسا) سەرگەرمی ئەوەبوو بە رمەکەی جادوگەرەکە بکوژێت، لەناکاو تیرێکی نادیار هات‌و دڵی(بایسا)ی دڕندەی پێکاو بەمردوویی کەوتە سەرزەوی، بێ ئەوەی هیچ کەسێ بزانێت ئەو تیرە لە کوێوە هاتوە و چ کەسێکیش بوە، هاوکات دەنگی گۆرانی چڕینی کیژۆڵەکە بەردەوام بوو، بەڵام ئەمجارەیان دەنگەکەی تێکەڵ بوو لە ناڵە ناڵ و هاوار هاواری گیاندارە ترساوو تۆقیوەکان کەلە هەموو کون و کەلەبەرێکەوە بەهۆی ئەو ئاگرەی دەوری دابوون، هەڵدەهاتن‌و خۆیان دەربازدەکرد، لەناکاو دەنگی کیژەکە کپ بوو، تۆبڵێی کیژۆڵەکەش بەئاگرەکە سوتابێت‌و مردبێت!؟.

جارێکی تر جادوگەرەکە رویکردەوە خوداوەندو وتی:

- ئەی خوداوەندە بەهێزەکان، کیژۆڵەکە رزگاربکەن....

رزگاری بکەن...تکایە.

لەناکاو دەنگێك لەئاسمانی دارستانەکەوە بیسترا کە دەنگی چۆلەکەیەکی بچکۆلەی خۆڵەمێشی بوو، رەنگی دەنووك‌و هەردوو قاچەکانی سوربوون، وەك رەنگی ئاگربوون، کەبەسەر سەری هەموو جەنگاوەرەکانەوە دیسانەوە گۆرانی دەچڕی، بەڵام ئەو دەنگە، دەنگی چۆلەکە نەبوو، بەڵکو دەنگی کیژۆڵەکە بوو کەشێوەی گۆڕدرابوو بۆ چۆلەکەی(حەسون)، ئیدی لەوکاتەوە ئەم چۆلەکەیە لە دارستانە چڕو زەبەندەکانی وڵاتی کۆستاریکا جێگیربووەو جێی ناهێڵێت.

***

PDF4Kurd

## ئەفسانەیەك لە ( پەنەما )وە

## یەكەم مار

کاتێك (ئوبا) باوکی هەموو خوداوەندەکانو پیاوانیش، زەوی دروستکرد، کوڕە لاوەکەی کەناوی (بیلر) بوو رەوانەی زەوی کرد بۆ ئەوەی تیابژی.

(بیلر) منداڵی زۆری خستەوە کە لە کارە گرنگەکانیدا لەسەر زەوی یارمەتیاندا، لەنێوان ئەو منداڵانەدا دووانەیەك هەبوون کە ناویان(ئۆلۆکۆما)و(ئۆلۆکۆنا) بوون، ئەو دووانەیە زۆر یەکتریان خۆشدەویستو هەمیشە پێکەوە دەگەڕان . (ئۆلۆکۆما) هەمیشە بە براکەی دەگوت: حەزدەکەم زوو گەورە ببم، بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵکی بدەمو شتێك بکەم جێ دەستم دیاربێت لەم سەرزەوییەدا لەگەڵ ئەوەی (ئۆلۆکۆبا) ی برایشی هەمان هەستی ئەوی هەبوو هەمیشەش دەیدرکاند، بەڵام خوشكو برا گەورەکانیان هیچ بایەخێکیان پێنەئەدان چونکە منداڵ بوون.

ساڵان تێپەڕین، ئەو دوو منداڵە دووانەیە گەورەبوون و بوونە دوو لاوی بەهێز، کاتێکیش باوکیان چاوی پێیان کەوت، سەری سوڕما چونکە هەمیشە بە چاوی دوو منداڵی بچکۆلە سەیری دەکردن کە پێکەوە لەسەر (لم)ەکە دەسوڕانەوە، پێی وتن:

– هەست دەکەم هەردوکتان بوونەتە دووپیاوی گەورە، لەم ساتەوە پێویستە لەسەرتان یارمەتیم بدەن... ئێستا بڕۆن، بیربکەنەوە لەوەی کە دەتوانن چی بکەن، هاوکات منیش دەگەڕێم دوو ئافرەتتان بۆ بدۆزمەوە بۆ ئەوەی ببنە هاوسەرتان.

هەردوو براکە زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی خەریکە خەونەکانیان دێنەدی، هەردوکیان پێکەوە دانیشتن تاکو بیر لەوە بکەنەوە کە پێویستە چی بکەن ...!؟ ،(ئۆلۆکۆما)وتی:

– حەزدەکەم زەوی بەشێوەیەکی دیکە ببینم، رەنگی قاوەییەکی کاڵەو (لم)ی زۆرەو تەختاییە، وا دیارە داوای شتێك دەکات، بەڵام نازانم چییە...!؟

* ئەمە راستە، ئەم تەختاییەی زەوی چاوی خەڵکی ماندوو دەکات، بەڵام ئێمە چی بکەین باشە..!؟.

ئۆلۆکۆما وتی:

– منیش نازانم، بەڵام بەدڵنیاییەوە(ئوبا) دەزانێت زەوی چی پێویستە....!!.

بەم شێوەیە ئەو دوولاوە جمکە بڕیاریاندا راوێژ بە(ئوبا)ی خوداوەند بکەن کە چی بکەن. لەملاشەوە چاوەڕێیان کرد تاکو باوکیان ناوی هاوسەرەکانی خۆیانیان پێ بڵێت، کە ناویان(ئۆلۆنا)و(ئولۆکۆند) بوو.

PDF4Kurd

هەر چواریان(دوو براکەو دوو ژنەکەیان)چوونە حاڵەتی خەونێکی قووڵەوە، چونکە (ئوبا)ی خوداوەند قسە لەگەڵ شوێنکەوتوەکانی خۆی ناکات، تەنها لە حاڵەتی خەوندا نەبێت، پاش ئەوەی لەو خەونە قووڵە بەئاگاهاتنەوە کە ماوەیەکی زۆری خایاند، (ئۆلۆکۆما) وتی:

– گوێم لە دەنگی (ئوبا) بوو، ئیدی دڵنیام لەوەی کە دەبێت رووکاری زەوی بگۆڕین.

(ئۆلۆنا)ی هاوسەریشی وتی:

* بەڵێ... خوداوەند پێی وتم: دەستت دانەوێنە بۆ زەویو هەرچیەکت لە زەوی بەردەست کەوت هەڵیگرە.

(ئۆلۆنا) دەستی دانەواندو پڕ بەچنگی قوڕی هەڵگرت، سیانەکەی دیکەش بە بێدەنگیو سەرسامیەوە سەیریان دەکرد، (ئۆلۆنا)ش سەرقاڵی سروتەکەی خۆی بوو، سەیرێکی قوڕەکەی ناودەستی خۆی کردو دواتر سەیری سیانەکەی کردو پێی وتن:

– نازانم ، چی لەم قوڕە بکەم...!؟.

پاش ساتێك ، بەهێزو توانایەکی نادیار(ئۆلۆنا) ستوونێکی باریكو درێژی لەقوڕەکە درست کردو لە زەویدا ناشتیو پاش کەمێك بووە قەدی درەختێکی باریكو لاواز، کە بەشنەی با بەئاسانی دەنوشتایەوە.

(ئۆلۆنا) بڕێکی دیکە قوڕی هەڵگرتو بەهەمان شێوە لەزەویدا ناشتی، ئەمەیان بوو بە رەگو بەدرەختەکەوە لکاو بە قوڵایی زەویدا رۆچو، (سیانەکەی تریش بەسەرسامیەوە هەر سەیری دەکەن)، پاش ساتێك درەختەکە دەستیکرد بەگەشەکردن،(ئۆلۆنا) بەمەیشەوە نەوەستا، هەندێك لقو پۆپیشی بۆ دروستکردو بەدرەختەکەوە لکاندنیو سەیری سیانەکەی کردو وتی:

– وا لێبوومەوە...ئەمە ئەو کارەبوو کە (ئوبا) ی خوداوەند فەرمانی پێکردم لە خەونمدا، بەڵام هێشتا کە بڕێك لە قوڕەکە لە مشتمدا ماوە.

(ئۆلۆنا) هەستی کرد کە هێشتا کارەکەی تەواو نەبوە، بیری کەوتەوە کە دەبێت هەندێك گەڵا دورست بکاتو بیلکێنێ بە لقەکانیەوە ، ئەم کارەشی کردو ئەوجا وتی:

– ئێستا لێبوومەوە .

دوای ساتێك(ئۆلۆکۆنا) ش هەستیکرد ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئەمیش کارێك بکاتو رۆڵی هەبێت، بڕێك(لم)ی هەڵگرتو لەدەورووبەری گەڵاکان رۆیکرد، پاش کەمێك گوڵی زەردیان گرتو دوای ساتێکیش بەرێکی بچووکی جوانی گرت، ئەمەش درەختی (کاکاو) بوو.

PDF4Kurd

**بەم شێوەیە، هەر چواریان ئەو زەویە رووتەنەیان بەم درەختە جوانانە رازاندەوە، تاکو بووە جێی سەرنج و چاو لەبینینیان تێر نەدەبوو، ئێستا هەر چواریان هەستیان بەوە کرد کارەکەیان تەواوکردوە.**

**(ئوبا) ی خوداوەندیش کەوتە قسەکردن لەگەڵ (ئۆلۆکۆنا) و هاوسەرەکەی، بەڵام پاش ئەوەی خەویان لێکەوت، لەخەودا پێی وتن:**

- **هێشتا کاری زۆرتان لەم زەویەدا لەبەردەمدا ماوە.**

*** ئەی خوداوەندی گەورەم، پێمان بڵێ ئەو کارانە چین و کامانەن کە پێویستە ئێمە بیانکەین و ئەنجامیان بدەین و لە توانای ئێمەدا بێت...!؟.**

**(ئوبا)ی خوداوەندیش پێی وتن:**

**ئەو درەختە زۆرانەتان بینیوە کە خۆتان ناشتووتانن، ئێستا دەبێ لە یەکترییان جیابکەنەوەو بزانن سودی هەریەکەیان چیە؟ هەندێ لەم درەختانە بەرتان دەدەنێ و هەندێکی دیکەیان ژەهراوین و دەبنە هۆی مردنتان.**

**ئەوجا (ئۆلۆکۆنا) بەترس و دڵەڕاوکێوە لە خوداوەندی پرسی:**

- **چۆن دەتوانین جیایان بکەینەوە؟.**

**خوداوەند دڵنیای کردنەوەو توانای ئەوەی پێبەخشین کە تایبەتمەندێتی و سیفاتەکانی هەریەکێك لەو درەختانە بزانن.**

**پاش بە ئاگاهاتنەوەیان، روداوەکەیان بۆ دوو کەسەکەی دیکە گێڕایەوە، هەرچواریان پێکەوە سەیری درەختەکانیان دەکرد، بە سەرسامیەوە هەندێك لەو درەختانەیان بەدیکرد کە توانای چارەسەرکردنی نەخۆشیان هەیە.**

**لە کاتێکدا کە هەر چواریان خۆیان بۆ کاروباری زەوی تەرخانکردبوو، لە گوندەکەیان ئافرەتێك هەبوو کە لە ئازارو ئەشکەنجەیەکی بەردەوامدا دەژیا، چونکە توانای منداڵبوونی نەبوو، یان منداڵی نەدەبوو، هاوکات زۆربەی ژنانی گوندەکە منداڵی جوان جوانیان هەبوو، ئەم حاڵەتەش ئەو ئافرەتەی توشی نیگەرانی خەمۆکیەکی بەردەوام کردبوو، رۆژ لەدوای رۆژ گۆشەگیرتر دەبوو، رقیشی زۆر لە خەڵکی بوو، تا کار گەیشتە ئەوەی کاریگەری زۆر خراپی لەسەردەرونی دروستکردبوو، رۆژێك لە رۆژان رۆحە شەڕانگێزەکان پەلکێشیان کرد بۆ کەناری دەریا و ئەویش لەنێوان تاشە بەردەکانی کەنار دەریادا خۆی حەشارداو چاوەڕێی ئەو منداڵانەی دەکرد کە هەمیشە دەهاتنە ئەوێ و لەسەر (لم)ی کەنار دەریاکە یاریان دەکرد، کاتێکیش منداڵەکان هاتن، ئافرەتە شەڕانگێزەکە بەرۆحی دڕندەی وت:**

- **وەرە یارمەتیم بدە، با هەموو ئازارو مەینەتیەکانم کە زۆر ناڵاندومە بەدەستیانەوە، بچنە گیانی ئەو منداڵانەو دایکەکانیانەوە. لەناکاو ئەو ئافرەتە هەستیکرد سەراپای گیانی لێوانلێو بووە لەشەڕانگێزیی، لەنێوان تاشەبەردەکانەوە هاتە دەرەوەو**

PDF4Kurd

**ڕوەو منداڵەکان ڕایکرد، بەڵام (ئوبا)ی خوداوەند کە لەنێوان هەورەکانەوە سەیری دەکرد، ، سزای ئەو ئافرەتەی داو دەستبەجێ شێوەکەی لە مرۆڤەوە گۆڕی ، ئافرەتەکە زۆر هەوڵیدا کە هاوار بکاتو بپاڕێتەوە، بەڵام بێ سودبوو چونکە شێوەکەی گۆڕابوو بۆ مارێکی ژەهراوی. بەورياييەکی زۆرەوە بەرەو ڕووی منداڵەکان ڕۆیشت کە هەموویان سەرگەرمی یاریکردن بوون، لەناکاو یەکێك لە منداڵەکان مارەکەی بەدیکردو هاواریکرد:**

**– سەیرکەن، ...سەیرکەن، ئەوە چ گیاندارێکی سەیرە...!؟.**

**هەموو منداڵەکان لەیاریکردن وەستانو بە بێدەنگیی سەیری مارەکەیان دەکرد بەبێ ئەوەی هەست بە مەترسیەکەی بکەن، مارەکەش بەردەوام دەچووە پێشەوە، سەری لەو منداڵە نزیك خستەوە کە منداڵەکانی دیکەی لێ ئاگادارکردەوە، ئەویش هاواریکردو قیژاندی، بەڵام هاوارو قیژەکەی درەنگ وەخت بوو، چونکە مارەکە پێوەی دابوو، ژەهرەکەشی تێکردبوو.**

**کاتێك منداڵەکانی دیکە ئەم دیمەنە مەترسیدارەیان بینی، هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵات، یەکێك لە منداڵەکانی(ئۆلۆکۆنا)ی بینیو ڕوداوەکەی بۆ گێڕایەوە، دەستبەجێ خوداوەند(ئۆلۆکۆنا)ی ڕاسپارد بچێت بۆ لای ئەو درەختەی کە گەڵاکانی ژەهراوی بوون بەمار چارەسەردەکەن.**

**(ئۆلۆکۆنا)ش ڕایکردو منداڵەکەی هەڵگرتو بەدوای ئەو درەختەدا دەگەڕا، سات لەدوای ساتیش خەمی زیاتری دەخوارد، چونکە دەیزانی هەتاکو زوو چارەسەری منداڵەکە بکرێت درەنگە، چونکە منداڵەکە خەریکە دەمرێت.**

**هەرچەندە شێوەی ئەو درەختەی دەناسیەوە کە ئەم پێویستی پیی بوو، بەڵام لە هیچ شوێنێك نەیدۆزیەوە، هیوای خواست کە ژنەکەی خۆی، یان براو براژنەکەی بۆ بدۆزنەوە، چونکە تەنها ئەوان دەیانتوانی هاریکاری بکەن، لەم بیرکردنەوەیەدا بوو، کاتێك ماندویەتی زۆری بۆ هێنابوو پێی وابوو ئیدی بڕستی نەماوەو ناتوانێت بەردەوام بێت لەگەڕان، لەناکاو لەنێوەندی درەختەکانەوە سەیریکرد، ئەو درەختەی بەدیکرد کە عەوداڵی بوو، بەو پەڕی هێزو توانایەوە بەخێرایی هەنگاوی دەنا، تاکو گەیشتە لای درەختەکە، دەستبەجێ گەڵایەکی لێکردەوەو پارچەیەکی دەرخواردی منداڵەکەدا، ئیدی منداڵەکە ناڵە ناڵو هاوار هاواری نەماو چاك بوەوە، دواتر(ئۆلۆکۆنا) منداڵەکەی بردەوە بۆ ناو گوندەکەو دایەوە بەکەس و کاری .**

**هەرچواریان دەرکیان بەوەکردبوو کە ئەو زانیاریانەی(ئوبا)ی خوداوەند پێی بەخشیون، بۆ بەرژەوەندی خەڵکی هۆزەکەبووە و لەپێناوی چاکە کردندا بووە، لەم ساتە بەدواوە پاشماوەی ژیانیان تەرخانکرد بۆ چاکە کاری . ساڵ هات و ساڵ ڕۆی ، هەر چواریان چوونە تەمەنەوەو پیربوون،(ئوبا)ی خوداوەند وای بۆ چوو ئیدی کاتی ئەوە هاتووە پشوی هەمیشەیی بە هەندێك کەس ببەخشێت(واتە مەرگ....وەرگێڕ).**

PDF4Kurd

سەرەڕای ئەوەی (ئۆلۆكۆنا) زانیاریەكی زۆری هەبوو لە چارەسەركردنی نەخۆشیەكاندا، بەڵام نەخۆش كەوت و مرد، رۆحیانەتەكەی بەرەو ئاسمان هەڵكشاو بەدوای بەهەشتدا دەگەڕا، جەستەشی لەسەرزەوی بەبێ جووڵە مابووەوە.

(ئۆلۆكۆند)ی هاوسەری زۆر خەمبارو نیگەران بوو، بۆماوەیەكی دووورودرێژ بۆی گریا و شیوەنی بۆكرد، خەمێكی هەمیشەیی تانوپۆی داپۆشی، لە (ئۆلۆنا) و(ئۆلۆكوما) جیابوەوەو روخساری خۆی داپۆشی و بەسەر بەرزترین چیادا هەڵگەڕا، دەستیكرد بە گریانێكی بەكوڵ، تاكو بە فرمێسكە زۆرەكانی زەوی وشكی تەڕو پاراوكرد، ئیدی لەوكاتەوە ئەو فرمێسكانە گەورەترین رووباری لەوڵاتی(پەنەما ) پێكهێناوە.

**ئەفسانەیەك لە ( كۆلۆمبیا )وە**

**دۆرادۆ** [*]

دەیان ساڵ بەر لەوەی داگیركارە ئیسپانیەكان بگەنە(كۆلۆمبیا) ، هۆزێك لە كەناری یەكێك لە دەریاچەكانی ناوچەی (كواتاتیفا) دەژیا.

سەركردەی ئەم هۆزە لە بەهێزترین سەركردەكانی هەموو ناوچەكانی بوو لەو هەرێمە، بەجۆرێ هیچ هۆزێكی دیكە نەیدەوێرا هێرش بكاتە سەر هۆزەكەی ، چونكە دڵنیابوون لەوەی كەشكست دێنن لەشەڕكردن لەگەڵیدا. هەندێك لەسەركردەی هۆزەكانی دیكە وای بۆ دەچوون، ئەم سەركردەیە هێزو تواناكەی لە خوداوەندەوە وەرگرتوە، هەرئەمەش كە (باج) بدەن بەو سەركردەیە .

ئەم سەركردەیە لەگەڵ هاوسەرەكەی و كیژە بچكۆلە جوانەكەیدا بە ئاسودەیی دەژیان، بەڵام ئەم ئاسودەییە بەردەوام نەبوو، چونكە پاش ماوەیەك چەند نیشانەیەكی (شێتی) لە هاوسەرەكەیدا سەریان هەڵدا، ئەمەش ئاسودەیی سەركردەكەی گۆڕی بۆ دڵەڕاوكێ و نیگەرانی و خەمخۆری بۆ چارەنووسی هاوسەرەكەی، ناچار گەورە جادوگەری هۆزەكەی خۆی بانگ كردو داوای یارمەتی و هاریكاری لێكردو وتی:

– پێم بڵێ... چی بكەم؟ دەرمانێك شك نابەیت بۆ چارەسەركردنی هاوسەرەكەم؟، هەردوو چاوە دەرپۆقیوەكانیم بینی و گوێیشم لە ورێنەكانی بوو، پێم بڵێ چارەسەر چیەو من چیبكەم؟. جادوگەرەكەش ماوەیەك لەبەردەم داواو پاڕانەوەكانی سەركردەدا بێدەنگ بوو، پاش بیركردنەوەیەكی قووڵ پێی وت:

* هیچ مەكە.. لێگەڕێ با ئازادی خۆی وەربگرێت، بەڵام چاودێری وردی بكە بەبێ ئەوەی خۆی پێی بزانێت، دەربارەی ئەو مەسەلەیەش قسەی لەگەڵ مەكەو هەوڵیش بدەن

[*] دۆرادۆ: بەزمانی عەرەبی بەماناى(كانی ئاڵتون و خشڵ دێت) ، ناوچەیەكیشە لە كۆلۆمبیا و بەشوێنی روودانی ئەفسانە بەناوبانگەكە ناسراوە، ئەمەش لەوەوە هاتووەكە یەكێك لەسەركردەكانی ناوچەكە لە نزیك دەریاچەی (كواتاتیفا)، پاش ئەوەی خۆی لە خاكی كانزایی هەڵدەكێشا لە دەریاچەكەدا مەلەی دەكرد، دوای ئەوەش سەركردە ئیسپانیەكە لەدۆزینەوەو بەدەستهێنانی خشڵ و زێر لەو ناوچەیە شكستی هێناو دواجار بڕیاریدا پاشماوەی ژیانی لەو ناوچەیە بەسەر بەرێت.

PDF4Kurd

بارودۆخێکی هێمنی بۆ بخوڵقێنی، کاتێکیش مانگ دەگاتە چواردە، ئاگری پیرۆز دادەگیرسێنین و لە خوداوەند دەپاڕێینەوە لەو بەڵایەی کە چووەتە گیانیەوە رزگاری بکات.

هەرچەندە وتەکانی جادوگەرەکە هیچ جۆرە دڵنیاییەکی بەسەرکردە نەبەخشی، بەڵام لەو ساتەوە ژمارەیەك لەکیژانی گوندەکەی راسپارد بە وردی چاودێری هاوسەرەکەی بکەن و ئاگایان لێی بێت. بەڵام هاوسەرەکەی سەرکردە لەگەڵ ئەو حاڵەتەشدا، لەسەر رەوتی ئاسودەیی خۆی بەردەوام بوو، چونکە هەرشتێکی بەسەردا بهاتایە لەبیری دەچووەوە، ئەم حاڵەتەش تەنها لەو کاتانەدا رووی دەدا کە تووشی شێتی دەبوو.

هەمیشە لەگەڵ کیژەکەیدا بۆ سەیران دەچوو بۆ کەناری دەریاچەکە و تاجەگوڵینەی بۆ دروست دەکرد.

رۆژێك لەرۆژان، کاتێك کیژە بچکۆلەکەی لە کەناری دەریاچەکە یاری دەکرد، دایکیشی لە ئاوی دەریاچە سەوزو مەنگەکەی دەڕوانی، لەناکاودا بینی وا ئەژدیهایەکی گەورە لەناو دەریاچەکەوە دێتە دەرەوە، شێوەی ئەژدیها زەبەلاحەکە هیچ جۆرە ترسێکی لەگیانی دایکەکەدا دروست نەکرد، چونکە ئەژدیهاکە لەکاتی هاتنە دەرەوەیدا تیشکی خۆری بەرکەوت کە لەنێوان درەختەکانی دەوروبەری دەریاچەکەوە دزەی کردبوو، یەکسەر ئەژدیهاکە چووەوە ناو دەریاچەکەو لەچاوان ون بوو.

ژنەکە بەردەوام بوو لەسەیرکردنی دەریاچەکە بەهیوای ئەوەی جارێکی دیکە ئەژدیهاکە ببینێتەوە، بەڵام ئەو ون بوو، جارێکی دیکە نەگەڕایەوە .

ژنەکە گەڕایەوە بۆ ناو گوندەکە ، بەبێدەنگی بیری لەشێوەی ئەژدیهاکە دەکردەوە کە لەدەریاچەکەدا بینیبووی.

بەڵام هیچ کیژێکیش لەو کیژانەی راسپێررابوون چاودێری ژنەکەی سەرکردە بکەن، هیچ شتێکیان نەبینی لە دەریاچەکە، چونکە ئەو شتە تەنها لە خەیاڵی ژنەکەدا هەبوونی هەبوو، کیژەکانیش دڵنیابوون لەوەی کە ژنی سەرکردە جارێکی دیکە فێی لێ هاتووەتەوە، کاتێکیش سەرکردە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ژنەکەی پێی وت:

– ئایا دەزانیت من لە دەریاچەی (کواتاتیفا) بووم!؟.

* نەخێر... نەمزانیوە، بەڵام تۆ هەست ناکەیت کە دەریاچەکە بۆ کیژۆڵەکەمان دوورە؟.

– نەخێر... کیژۆڵەکەمان خۆی داوایکرد بچین بۆ ئەوێ، ئای پیاوەکە.. ئەگەر دەزانیت لە دەریاچەکە چیم دیوە سەرت سوڕدەمێنێ!!.

– سەرکردە پێی سەیربوو، لێی پرسی:

* لەدەریاچەکە چیت بینی؟.

دەموچاوی ژنەکە سور هەڵگەڕاو بیری کەوتەوە، سەیری راست وچەپی خۆی کرد، لە ترسی ئەوەی نەوەك یەکێك گوێی لەقسەکانی بێت، بەدەنگی نزم پێی وت:

PDF4Kurd

– ئەژدیهایەکی گەورەم بینی لەسەر رووی ئاوەکە دەڕۆیشت، بەبێ ئەوەی ئاوەکە شەپۆل بداتو بشڵەقێت، پوولەکەکانی باقو بریقیان دەهاتو هەموو جەستەشی وەکو بەگەوهەر داپۆشرابێ وابوو، لەساتێکی دیاریکراودا سەیریکردم ، بەڵام نیگاکانی هیچ نیەتێکی خراپیان تێدا بەدی نەدەکرا، دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ قوڵایی دەریاچەکەو ئیدی نەمتوانی بیبینمەوە.

* وا باشترە ئیدی نەچیتەوە بۆ دەریاچەکە، لەوانەیە ئەو ئەژدیهایە دڕندەبێت. بەڵام ژنەکەی کە شێتی یەکە گرتبووی لەوە تێنەگەیشتو وەڵامیدایەوە:

– پێم وتیت، دڵنەرم بوو، من دڵنیام لەوەی زیانم پێناگەیەنێت.

سەرکردە حەزی نەکرد زۆری لەگەڵ بڵێت، لێی دڵنیانەبوو کە بەجێی بێڵێت، تاکو خەوێکی قووڵی لێکەوت، لەگەڵ گزنگی بەیانیدا بە خەبەرهاتو وای بەخەیاڵدا هات کە چاوە بێگەردەکانی ئەژدیهاکە بانگی دەکەن، کە بەرەو دەریاچەکە بچێت، بەئەسپایی هەستاو کیژۆڵەکەی لە خەو بەئاگاهێنایەوەو بەرەو دەریاچەکە بەرێکەوتن، لەوێ چاوەڕێی دەرکەوتنی ئەژدیهاکەی دەکرد.

پاش کەمێك ئەژدیهاکە لە دەریاچەکە هاتە دەرەوەو سەیرێکی ژنەکەی کردو زەردەخەنەیەکی بۆ کردو داوای لێکرد بچێت بۆ لای، لەکاتێکدا کە (فێ)کەی بۆ هاتبووەوە، لەگەڵ کیژەکەیدا خۆی هەڵدایە ناو دەریاچەکەوە.

لەبەرەبەیانی رۆژی دواتردا، پشێویەکی زۆر کەوتە گوندەکەوە، چونکە هەواڵی دیار نەمانی ژنی سەرکردەو کیژۆڵەکەی کەوتەسەر زاری خەڵکی ناو گوندەکە، زۆربەیان بە هەڵەداوانو شپرزەییەوە هەموو شوێنێکی بەدوادا دەگەڕان، بەڵام هیچ شوێنەوارێکیان نەدۆزیەوە، لەناکاو سەرکردەی هۆزەکە ئەوەی بیرکەوتەوە کە ژنەکەی دەربارەی ئەژدیهاکەی ناو دەریاچەکە پێی وتبوو، هەموو ژنە جادوگەرەکانی گوندەکەی بانگ کردو قسەو ورێنەکانی ژنەکەی سەبارەت بە ئەژدیهاکە بۆ گێڕانەوە، پاشان هەموویان پێکەوە چوون بۆ دەریاچەی(کواتاتیفا)و زۆر بەوردی دەستیان بە گەڕان کرد بە دوایاندا بەهیوای ئەوەی شوێنەوارێکیان بدۆزنەوە، پاش ماوەیەکی زۆر لەگەڕان و پشکنین، قردێلەیەکی سەروقژی ژنەکەیان بەسەر رووی ئاوەکەوە دۆزیەوە، لەگەڵ بینینو دەرکەوتنی ئەم بەڵگەیە هەمویان بێدەنگ بوونو گەڕانەوە بۆ ناو گوندەکەیان، بەڵام نیگەرانیەکی زۆر سەراپای هەموویانی گرتبوو، ئیدی لەو کاتەوەی سەرکردەی هۆزەکە ئەو راستیە تاڵەی بۆ دەرکەوت، خەمێکی گەلێك گەورە تانوپۆی داپۆشی، لەبەر قورسی و گرانی کارەساتەکە نەیتوانی بەباشی کاروباری هۆزەکەی بەڕێوەببات، هەموو هەوڵەکانیش بۆ هێورکردنەوەی بەهەدەرچوون.

رۆژێك لەرۆژان، لەبەرە بەیانێکی زوودا خەڵکی گوندەکە لە دەنگی هەراوهوریا بەئاگاهاتنەوە، چونکە یەکێك لە هۆزەکانی ژێر دەسەڵاتی سەرکردەکەیان هێرشیان

PDF4Kurd

کردبووە سەرگوندەکەیان، بەبیانووی ئەوەی کە ئەو هۆزە دەیویست خۆی لەژێر دەسەڵاتی ئەم سەرکردەیە رزگاربکات و چیتر(باج) نەدەن.

زۆر بەپەلە جەنگاوەرەکانی گوندەکە کاروبارەکانی خۆیان رێکخستو خۆیان بۆ بەرگریکردن لە گوندەکەو سەرکردەکەیان ئامادەکرد، بەڵام سەرکردەکەیان لەبەر خەمباری خۆی هیچ گوێی بەو مەسەلەیە نەدا، بەڵکو هەر لەماڵەکەشی نەهاتە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی گوندەکەو جەنگاوەرەکان توانیان بەر لە هێرشەکە بگرن، بەو هۆیەوە هەموو جادوگەرەکانو گەورەپیاوانی گوندەکە بۆ چۆنیەتی روبەروبوونەوە و تاوتوێکردنی ئەو مەسەلەیە کۆبوونەوە، یەکێکیان وتی:

– وا ئەمجارە بەشێوەیەکی کاتیی توانیمان مەترسی ئەو هێرشە لەسەر گوندەکە لادەین، بەڵام ئەگەر سەرکردەمان لەسەر خەمۆکیو وەلانانی کاروباری بەڕێوەبردنی گوندەکە بەردەوام بوو، ئەوا ئێمە روبەرووی مەترسی گەورەتر دەبینەوە، چونکە هۆزەکانی دیکە هەموویان لەدژی ئێمە یەکدەگرنو پێکەوە هێرشێکی یەکگرتوو دەکەنە سەرمان، هەرچەندە ئێمەش لە ترسی خوداوەند ناتوانین سەرکردەیەکی دیکە بۆ خۆمان دیاریبکەین، دەبێ هەموومان هەوڵبدەین رێگایەك بدۆزینەوە بۆدەربازکردنی سەرکردەکەمان لەو بارودۆخە دەروونیە ناهەموارە ، دەبێ سەرکردەکەمان بەهێزو توانای خۆیەوە وای لێبکرێت بگەڕێتەوە دۆخی جارانی . هەموویان لەسەر ئەم بڕیارە پێکهاتن، بەڵام نەیاندەزانی چۆن ئەم کارە جێبەجێ بکەن، دواجار ئەو جادوگەرەکەی هەموو قسەو وڕێنەکانی ژنەکەی سەرکردەی دەربارەی ئەژدیهاکە دەزانی، بیرۆکەیەکی باش هاتە مێشکییەوە، بەڵام لەو کاتەدا ئاشکرای نەکرد، پێی وتن:

– سبەینێ لە رۆحیانەتەکانی ناو دەریاچەکە دەپاڕێمەوە، هیوادارم چارەسەرێکی گونجاوم پێ بڵێن، لەمەراسیمێکدا بانگهێشتی سەرکردەو پیاوانی ئاینیش دەکەین بۆ کەنار دەریاچەکەو ئەوجا ئەو بیرۆکەیەی خۆم بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئاشکرادەکەم.

بۆ بەرەبەیانی رۆژی دوایی، جادوگەرەکە لەبەردەم سەرکردەی خەمباری هۆز ئامادەبوو، پێی وت:

– بانگهێشتی رۆحیانەتەکانی ناو دەریاچەکەم کردو لێیان پاڕامەوە، ئەوانیش پێیان وتم:

ئەو خوداوەندەی دەسەڵاتی دەریاچەکەی بەدەستە ، ئەژدیهایەکی بەهێزە.

جادوگەرەکە بێدەنگ بوو، چاوەڕێی وەڵامی سەرکردەی دەکرد، دوای ئەوەی سەرکردە گوێی لەم قسانەبوو، خێرا هەستایە سەرپێو وتی:

* ئەوەی وتت، راستە !؟.

– بەڵێ ... زۆر راستە، ئەوەش بزانە من سبەینێ ئەژدیهاکە بانگهێشت دەکەم بۆ

PDF4Kurd

بەردەمی پیاوانی ئایینی گوندەکە، کە بڕیارە هەموویان لەوێ ئامادەبن، ئەگەر ویستت دەتوانیت تۆش ئامادەبیت، چونکە ئەو خۆی پیشانی هەموو کەسێك نادات، تەنها کەسانێك نەبێت کە خۆی دەیەوێت، بەتایبەتی ئەو کەسانەی لەناو کۆمەڵدا ناو و ناوبانگیان هەیە، ژنەکەی تۆش یەکێك بووە لەو کەسانە، بۆیە خۆی پیشانی ئەوداوە.

* کەواتە... لەوێ هەواڵی ژنەکەمو کیژەکەم دەبیستم.

جادوگەرەکە بەفێڵبازیەوە وەڵامیدایەوە:

– ناتوانم... لەوە دڵنیات بکەم.

جادوگەر، پاش ئەوەی بەو قسانە هیوایەکی خستە دڵی سەرکردەوە، سەرکردەی بەجێ هێشتو ڕۆیشت.

کاتێك شەو داهات، پیاوانی ئایینی چوون بۆ لای سەرکردەو هێنایان بۆ لای ئەو ئاگرە پیرۆزەی کە لەناوەڕاستی گوندەکەدا کرابوەوەو هەموو خەڵکی گوندەکەش لە دەوری کۆبووبوونەوە، هەمویان لەروداوێکی چاوەڕوانکراو دەترسان کەرووبدات لەکاتی مەراسیمەکەدا، کە ژمارەیەك تەپڵ لێدەری زۆر بە تەپڵ لێدان ئەو ناوەیان خرۆشاندبوو، پیاوانی ئاینیش بڕیاریان دەرکرد کە مەراسیمەکە دەست پێبکەن، ئیدی هەموان دەستیان بەسەماکردن کرد، جادوگەرەکە چووە ناوەڕاستی سەماکەرانەوەو بەدەم هاوارکردنەوە هەندێك وشەی سەیروسەمەرەی لەدەم هاتەدەرەوە لەناکاو سەماکردنەکە ڕاگیراو جادوگەرەکەش بەرەو رووی ئاگرەکە هەنگاوی ناو لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد، وەهای لە خەڵکی دەگەیاند کە قسە لەگەڵ ئەژدیهای خوداوەندی دەریاچەکە دەکات، دوای سروتێکی سەیر لەقسەکردن وەستاو بەرەو رووی سەرکردە هەنگاوی ناو وتی:

– ئێستا لەنێوانماندا ڕۆحیانەتی خوداوەندی دەریاچە ئامادەیە و پێت دەڵێت، کە ژنەکەتو کیژەکەتی بردووە بۆ ماڵی خۆی، لەبەرئەوە هەرگیز هەوڵ مەدە بەشوێن تەرمەکانیاندا بگەڕێی لەبنی دەریاچەکەدا، ئەوان لە ماڵەکەی ئەودا بەئاسودەیی دەژین کە بڕێکی هێجگار زۆر زێروخشڵ و گەوهەری تێدایە.

سەرکردەش هیوای خواست، تا دەکرێت زۆرترین کات لەوێ بمێنێتەوە بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری دەربارەی ژنەکەی و کیژەکەی دەستبکەوێت، بۆیە بە جادوگەرەکەی وت:

– بەناوی منەوە لە خوداوەند بپارێرەوە، تاکو هەوڵبدات بگەمە لای ژنەکەم و کیژەکەم لەبنی دەریاچەکەدا.

جادوگەرەکەش دەستیکردەوە بەسەماکردنو سرووتە سەرنجڕاکێشەرەکانی، پاش کەمێك وەستاو وتی:

* هێشتا کاتت نەهاتووە، خوداوەند ئەمەی پێ وتم، تۆ بە نەیارەکانت بجەنگیو بگەڕێیتەوە بۆ بەرێوەبردنی کاروباری هۆزەکەت، هەرکاتێك وادەی مردنت هات، ئەژدیهاکە

PDF4Kurd

دێتو هەموتان لە قوڵایی و بنی دەریاچەکەدا کۆدەکاتەوە، ئەوەش بزانە کە دەبێ تۆ هەمووساڵێك لەم کاتەدا لە کەناری دەریاچەکەدا مەراسیم و ئاهەنگ سازبکەیتو قوربانیی پێشکەش بکەیت لەپێناوی ڕەزامەندی خوداوەندا.

بەم شێوەیە جادوگەرەکە توانی زەردەخەنە بگێڕێتەوە بۆ سەر لێوی سەرکردە، ئەویش زیندوێتیو پەرۆشی بۆ کارکردنی بۆ گەڕایەوە، ئیدی لێرە بەدواوە چیتر هۆزەکانی دیکە ناتوانن بیر لەوەبکەنەوە کە(باج) نەدەنو لەدەسەلاتی سەرکردە یاخی بن.

دوای ئەوە ماوەیەکی زۆر تێپەڕی دانیشتوانی گوندەکە لە ئاسودەیی و خۆشگوزەرانیەکی تەواودا دەژیان، تاکو ئەو ڕۆژەی سەرکردە هەستیکرد کە ئیتر کاتی ئەوە هاتوە بچێت بۆ دەریاچەکەو قوربانیی پێشکەش بە ئەژدیهای خوداوەندی دەریاچەکە بکات، بۆ ئەو مەبەستە بڕێکی زۆر زێروخشڵ و گەوهەری کۆکردەوە و لەگەڵ جادوگەرو پیاوانی ئایینی و پیاوماقوڵانی هۆزەکە بەرەو دەریاچەی (کواتاتیفا) بەرێکەوتن.

خەڵکی گوندەکەش لەسەر کەنارەکانی دەریاچەکە وەستابوون بۆ ئەوەی بەئاگابن لەوەی داخۆ چی ڕوودەدات؟

لەم کاتەدا کەڵەلێکی گەورەی لە تەختە دروستکراو چاوەڕێی سەرکردەو یاوەرەکانی دەکرد، سەرکردەش هاتو خۆی بەرۆنی(تربزتاین) چەورکردو سەراپا جەستەشی لە خاکی کانزایی هەڵکێشا، هەتاکو ڕەنگی جەستەی بوو بەرەنگێکی زیویی، سەرکەوتە سەرکەڵەکە تەختەکەو بەدوایدا جادوگەرەکەو پیاوانی ئایینی و پیاو ماقوڵانیش سەرکەوتن، کە بڕێکی زۆر لە خشڵ و گەوهەریان پێبوو، کەسەرکردە بە نیازە پێشکەشی ئەژدیهای بکات بۆئەوەی ئەو وخێزانەکەی لێی ڕازی بن، کە بەبۆچوونی سەرکردە تاکو ئێستا ژنەکەیو کیژەکەی لەبنی دەریاچەکەدان.

کەڵەکە تەختەکە دەستیکرد بە ڕۆیشتن بەرەو ناوەڕاستی دەریاچەکە، کەلەلایەن هەندێك لە پیاوەکانی گوندەکە دەئاژوا، کاتێك گەیشتنە ناوەڕاستی دەریاچەکە، لەگەڵ ستایشی پیاوانی ئایینی لەسرووتێکی تایبەتیدا، سەرکردە خشڵو زێرو گەوهەرەکانی هەڵدایە ناو ئاوەکەوەو دواتر خۆیشی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە، خۆی لە ئاوەکەدا نوقوم کرد تاکو هەموو خاکە کانزاییەکە لە جەستە ‌ لێ بوەوە، پاشان گەڕایەوە سەرکەڵەکەکەو بە چەپڵەڕێزانەوە لەلایەن هەموو خەڵکەکەوە پێشوازی لێکرا.

لەوکاتەوە هۆزەکە بەبۆنەی ئەو ڕۆژەوە هەمو ساڵێك لە هەمان کاتدا ئاهەنگو مەراسیمیان سازدەکرد، ئەو سەرکردانەش کە پاش ئەم سەرکردەیە بوون بەسەرکردەی هۆزەکە، وەك نەریتێك ئاهەنگو مەراسیمیان سازدەکردو هەمان کاری ئەم سەرکردەیەیان دووبارەدەکردەوە.

بەم شێوەیە ئەفسانەی(دۆرادۆ) هاتە ئاراوە.

PDF4Kurd

**پاش ماوەیەکی دوورودرێژ، داگیرکارە ئیسپانیەکان گەیشتنە ناو خاکی ئەمریکای لاتین بەسەرکردایەتی (خیمینث کیسادا) ، ئەوان ئەفسانەی (دۆرادۆ)یان بیستبوو لە (کۆلۆمبیا)، کاتێکیش (کیسادا)ی سەرکردەی ئیسپانیەکان گەیشتە ناوخاکی کۆلۆمبیا، سەرکردە(زیبا) دەسەڵاتی ناوچەو سنورەکانی دەریاچەی (کواتاتیفا)ی بەدەستەوەبووە، هاوکات سەرکردە (زیبا)ش بیری لەوە کردەوە ئەو هەموو خشڵوزێڕانەی هەیبون لە شوێنێکی نادیاری یەکێك لە چیاکانی ناوچەکەیاندا حەشاربدات، لە ترسی ئەوەی نەکەوێتە دەستی داگیرکارە ئیسپانیەکان.**

**سەرکردە(زیبا) هێندەی خەمی زێرو خشڵەکانی دەخوارد، نیو هێندە خەمی داگیرکردنی ناوچەکەیانی نەبوو، چونکە لەوە دەترسا ئەو کەسانەی خشڵو زێڕەکەی بۆ دەگوێزنەوە بۆ شوێنێکی نهێنیو شاراوە، لەکاتی دەستگیرکردن و ئەشکەنجە دانیاندا لەلایەن ئیسپانیەکانەوە، دەستگیرکراوەکان شوێنی شاردنەوەی ئەو بڕە زۆرەی خشڵو زێڕە ئاشکرا بکەن، دواتر بیرۆکەیەکی باش و تۆکمە هات بەخەیاڵیدا، دەستبەجێ فەرمانیدا (300) کەس لە کەسە نزیکەکانی خۆی ئەو بڕە زێرو خشڵەی بۆ بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی شاراوەو نهێنی لە چیاکان، پاش ئەوەی ئەو(300) کەسە خشڵو زێڕەکەیان لەشوێنێکی دڵنیا شاردەوە، دەستبەجێ سەرکردە (زیبا) فەرمانیدا هەموو ئەو کەسانەی خشڵو زێڕەکەیان گواستوەتەوە، کە هەموویان هندی بوون بکوژرین، بۆئەوەی هیچ کەسێك شوێنی نهێنی خشڵو زێڕەکە نەزانێت.**

**دوای شەڕ وپێکدادانێکی توند، ئیسپانیەکان توانیان گەمارۆی گوندەکەی سەرکردە (زیبا) بدەن، زۆر هەوڵیاندا سەرکردە(زیبا) بەزیندوویی دەستگیربکەن بۆ ئەوەی شوێنی شاردنەوەی خشڵو زێڕەکەیان بۆ ئاشکرابکات، هەروەکو سەرکردە(زیبا) پێشبینی کردبوو کە بەدەستی ئیسپانیەکان دەکوژرێ، بەڵام توانی لەشەودا خۆی دەرباز بکاتو گوندەکە جێ بێڵێت ، هەرچەندە دواتر بەدەستی سەربازێکی ئیسپانی کوژرا، بەبێ ئەوەی سەربازەکە بزانێت کە ئەو کەسە کوژراوە سەرکردە (زیبا) بووە، (کیسادا)ی سەرکردەی لەشکری ئیسپانیەکان بەکوژرانی (زیبا) زۆر نیگەران بوو، ناچار کوڕی مامی(زیبا)ی دەستگیرکردو داوای لێکرد شوێنی خشڵو زێڕەکەی بۆ ئاشکرابکات، کوڕە مامەکەی (زیبا)ش کە کرابووە سەرکردەی هۆزەکە لە دوای (زیبا) بە (کیسادا) ی وت:**

**– من ناتوانم بەهیچ جۆرێك شوێنی خشڵو زێڕەکەت بۆ ئاشکرابکەم، لەبەرئەوەی بەو کارە خیانەتێکی گەورە لە یادەوەریەکانی سەرکردەی پێشوو دەکەم، رۆحیانەی سەرکردەی کۆچکردوو بەسەر سەرمەوەیەو رێی خەوتن و بیرکردنەوەشم لێدەگرێت، بەڵام لەبەرئەوەی پەیمانی دۆستایەتیم لەگەڵتان بەستوە، بەشێك لەو خشڵو زێڕەتان دەدەمێ.**

PDF4Kurd

**لێرەدا تاکە مەرجی سەرکردەی نوێ بۆ سەرکردە ئیسپانیەکە ئەوەیە کە هیچ کەسێك نەچێتە ئەو شوێنە کە بۆی پڕ لە خشڵو زێڕدەکات  تاکو ماوەی (90) ڕۆژ تا بە تەواوی لەو کارە دەبنەوە.**

**بۆ ڕۆژی دواتر سەربازەکانی ئیسپانیا (30) کەسی هندیان بینی کە لەژێر چاودێری و پاسەوانیەکی توندی جەنگاوەرەکانی هۆزەکەی (زیبا) خشڵو زێریان بۆ ئەو شوێنە، یان ئەو کۆڵیتە دەگواستەوە کە بڕیاربوو پێشکەش بە سەرکردەی ئیسپانیەکان  بکرێت. پاش ئەوەی ماوەکە تەواو بوو، (کیسادا) چووە ناو کۆڵیتەکەوە، بەسەرسوڕمانو سەرسامیەکی زۆرەوە بینی کۆڵیتەکە خاڵیەو هیچ پارچەیەك لە خشڵو زێری تێدا نییە.**

**سەرکردەی هۆزەکەی(زیبا) فێڵی لە سەرکردەی ئیسپانیەکان کرد، چونکە بەپێی پلانێکی تۆکمە فەرمانیدا بە جەنگاوەرەکانی خۆی بە بەرچاوی سەرکردەو سەربازە ئیسپانیەکانەوە خشڵو زێر ببەن بۆ ناو کۆڵیتەکەوە، بەڵام لەو سەرەوە کە دەگەڕانەوە هەمان بڕیان دەهێنایەوە دەرەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەنهێنیو لەژێر جلو بەرگەکانیانەوە بەبێ ئەوەی هیچ کەس بەم کارەبزانێت .**

**بەم شێوەیە ئەفسانەی(دۆرادۆ) بووە سیمبولی کۆلۆمبیا و خەونێکی بەدینەهاتوو لە هزرو بیری ئەوانەی بەدوای زێرو خشڵ و ساماندا دەگەڕێن.**

***

PDF4Kurd

## ئەفسانەیەك لە هندۆراسەوە

## کوێرە پیسکەکە

دەگێڕنەوە دەڵێن: پیسکەیەکی نابینا هەبوو ناوی(خوان) بوو، دووسەد ساڵ پێش ئێستا لەشاری (ئۆلانجۆ) دەژیا، پیسکەییو حەزو ئارەزوی ئەو بۆ کۆکردنەوەی سەروەتو سامان وایلێکرد بێزراو بێت لەلای خەڵکیو دراوسێکانیو ئەوانەش کە دەیناسین، لەگەڵ ئەوەشدا (خوان) تەنها یەك هاوڕێی هەبوو، ئەویش کابرایەکی جوتیاری زۆر هەژاربوو، بەڵام سەرەڕای ئەو هەژاریەشی هەستی بە ئاسودەیی دەکرد. ئەم جوتیارە هەژارە بەردەوام سەردانی ئەم کابرا پیسکەیەی دەکرد لە ماڵەکەی خۆیدا بۆئەوەی دڵنەوایی بکات لەو تەنیاییەی بەهۆی تەوەللابوونی خەڵك لێی هەستی پێدەکرد، ئەم جوتیارە هیچ بەرژەوەندیەکی لەگەڵ ئەو کوێرە پیسکەیەدا نەبوو.

رۆژێك لە رۆژان، خێزانی جوتیارەکە زۆر نەخۆش کەوت، جوتیارەکە چوو بۆ لای کوێرەکەی هاوڕێیو پێی وت:

- خوان.. دەمەوێت چاکەیەکم لەگەڵ بکەیت، من زۆر پەرێشانم، بەرلەوەی جوتیارەکە قسەکانی تەواوبکات ، زۆر بەپەلە کوێرەکە وتی:

* بۆ زۆر پەرێشانیت!؟، سەیرە ... هەست ناکەم کەسێ هەبێ لەدنیادا لەمن خەمی زیاتر بێتو لەمن پەرێشانتر بێت.

- من وام نەوتووە، دەڵێم خۆم زۆر حاڵم خراپەو پەرێشانم.

* بەڵام تۆ پێشتر دەتگوت کە هەمیشە ئاسودەیت، هەتا ئەگەر پارەشت نەبێت، تەنانەت ئەگەر یەك(فلس)یش لە گیرفانتدا نەبێت.

- بەڵێ.. ئەمە راستە، بەڵام ئاسودەیی تەنها لەڕێی سەروەت و سامانەوە دەست ناکەوێت لەبەرئەوەی ئەوەندەم هەیە کە پێی بژیمو گوزەرانی خۆم و ماڵ ومنداڵەکانمی پێ بەڕێوەببەم، هیچ پێویست ناکات زێرو زیو کۆبکەمەوە، کوێرەکە دڵنیابوو، کاتێك کە بینی جوتیارەکە بەوشێوەیە قسەی لەگەڵدا دەکات، هەستیکرد کە هۆی هاتنی ئەمجارەی جوتیارەکە بۆلای ئەم، پەرێشانیە نەك داواکردنی پارەو پوول، پێی وت:

* تۆ دەزانیت کەمن هاوڕێتم و هەست بەئاسودەیی دەکەم ئەگەر یارمەتیت بدەم، ئێستا پێم بڵێ چیت دەوێت؟

- لەراستیدا ئەوەی دەمەوێتو پێویستم پێیەتی، بڕێکی کەم (زیو)ە.

* زیو...!!

PDF4Kurd

- بەڵێ ... تۆ بڕێكی زۆرت هەیەو لە پێویستی خۆت گەلێك زیاترە ، بەڵام من پێویستم بە بڕێكی زۆر كەم هەیە لەبەرئەوەی ژنەكەم زۆر نەخۆشەو پێویستی بەچارەسەرو چاودێری هەیە، كوێرەكە زۆر بەپەلە و بە گومڕاییەوە پێی وت:

* ئەمە نابیت، تۆ دەزانێت من تاكە كەسم كە خۆم بەخێودەكەمو هیچ منداڵێكم نییە یارمەتیم بدات لەپارە پەیداكردندا، ئیتر چۆن بەشی تۆ بدەم كە خۆم پێویستم پێیەتی!؟، باشە ..تۆ ، بۆداوای پارە لە(بلاس) ناكەیت؟، ئەوتوانای پارە پەیداكردنی هەیەو دەشتوانێت یارمەتیت بدات!!.

جوتیارەكە بەنیگەرانیەوە(خوان)ی بەجێ هێشتو بەدەم رێوە بیری لەوە دەكردەوە بچێت بۆ لای كێ بڕێك پارەی بە قەرز لێوەربگرێت..!؟، خۆ(بلاس)یش هاوڕێی نییەو خەڵكی دیكەی وا دەوڵەمەندیش شك نابات كە بیانناسێتو بچێت داوای قەرزیان لێبكات، ئەوانەی كە دەیانناسێت زۆربەیان هەژارن وەكو خۆی. جوتیارەكە هەستی كرد مێشكو جەستەشی زۆر ماندو بون، بۆیە لەسەر قەراغی رێگەكە بە كزۆڵەییەوە دانیشت، زۆر بیریكردەوە، رێگایەكی نەدۆزیەوە لەو بارودۆخە ناهەموارە رزگاری بكات، دوای ئەوەی لەبیركردنەوە بێ هیوا بوو، دەستیكرد بە نوێژكردنو نزاوپاڕانەوە لە قەدیس (ئەسكیبولس) تا یارمەتی بداو پێی وت:

- ئەی قەدیس... هیچ رێگەیەك نەما، جگە لەوەی رووبكەمە تۆ، هاریكاریم بكەو پێم بڵێ لە كوێ ئەو بڕە پارەیەم دەست دەكەوێت كە بۆ چارەسەری نەخۆشی ژنەكەم پێویستم پێیەتی؟. جوتیارەكە ، هیچ وەڵامێكی دەست نەكەوت، توبڵێی قەدیس بیەوێت تاقیبكاتەوە؟، ئەدی بۆچی وەكو جارانی پێشوو هاریكاری ناكات!. كاتێك لەئەنجامی بیركردنەوەی زۆردا گەیشتە ئەم بڕیارە، هەستاو گەڕایەوە ماڵەوە، لەكاتێكیشدا بەلای ماڵی(بلاس)ی دەوڵەمەندا تێپەڕی، خۆی بۆ رانەگیرا، یەكسەر لە دەرگای داو هەواڵی(بلاس)ی پرسی، پێیان وت: كە سەفەری كردوەو تاكو چەند رۆژێكی دیكە ناگەڕێتەوە. جوتیارەكە هەژارەكە بەبێ هیواییەوە ملی رێگەكەی گرتەوەو گلەیی لە بەختی خۆی دەكردو لەبەرخۆیەوە وتی:

- مەسەلەكە روونو ئاشكرایە، قەدیس دەیەوێت حەوسەڵەم تاقیبكاتەوە، یان دەیەوێت لەسەر گوناهەكانم سزام بدات، كە گەیشتەوە ماڵەوە، زۆر سەرسام بوو، چونكە بینی ژنەكەی چاك بووەتەوە، بەرەو رووی ژنەكەی هەنگاوی ناو بە شادمانیەكی زۆرەوە ژنەكە پێی وت:

* چەند ساتێك لەمەوبەر تەندروستیم زۆر خراپ بوو، بەجۆرێ لەتاو ئازاری زۆر هاوارم دەكردو دەمناڵاند، بەڵام لەناكاو هەستم بە نەمانی ئازارەكانم كردو بەرەو چاكبونەوە دەچم، وا ئێستا دەمبینیت چاكبوومەتەوە، مێردەكەشی پێی وت:

- كەواتە، باپێكەوە نوێژی سوپاسگوزاری بكەین.

PDF4Kurd

بۆ رۆژی دوایی جوتیاره هەژارەکە بەدەرونێکی پاک‌و بێگەردو دوور لەهەر رق‌و کینەیەك، چوو بۆ لای کوێرەکەی هاوڕێی‌و ئەوەی رویدابوو بۆی گێڕایەوەو پێی وت:

- کە گەڕامەوە ماڵەوە، ژنەکەمم بینی لەبەر دەرگا وەستاوەو بە خۆشحاڵیەوە چاوەڕێی من دەکات‌و لە نەخۆشیەکەشی رزگاری بوە، ئەوەش پەرجوە(موعجیزە)یە، کوێرەکەش کە گوێی لەم قسانەبوو وتی:

* راستە... مەسەلەکە جۆرێکە لەپەرجوو، بەڵام دوای ئەوەی تۆ بەجێت هێشتم بڕیارمدا بڕێك پارەت بدەمێ، بەڵام ئەوەی رویدا ئەوە...، دەستبەجێ جوتیارەکە قسەکەی پێ بڕی‌و پێی وت:

- نەخێر وانییە.. پاکانە مەکە، تاکە شتێك کە پێویستە بیکەیت، ئەوەیە کە لەیەزدان بپارێیتەوە تاکو بینایت بۆ بگێڕێتەوە، من دڵنیام کە نزاو پاڕانەوەکەت وەردەگیرێت.

* باشە... لەیەزدان دەپاڕێمەوە.

- هەرچی زووە دەست پێبکە.

* بەڵێ، بەڵێ... هەر ئەمڕۆ، بەڵکو هەر ئێستا، پێویستە لەسەر تۆش بەجێم بێڵیت، تاکو دەست پێبکەم.

- باشە دەڕۆم، بەڵام سبەی بەیانی دێمەوە.

* نەء، مەڕۆ...دەڵێی چی لە جیاتی ئەوەی لێرە نوێژبکەم‌و دەست بە نزاو پاڕانەوە بکەم، خۆم بچم بۆ لای قەدیس(ئەسکیبولس)و دیاریەکی گرانبەهای پێشکەش بکەم...!؟.

- منیش ئەمەم پێ باشە.

* ئا... دەچم بۆ لای و دیاریەکی گرانبەهای پێشکەش دەکەم، گرنگ نییە نرخەکەی هەرچەندێك بێت.

- گرنگ سەردانەکەتە، نەك دیاری .

* تۆ راست دەکەیت.

جوتیارەکە گەڕایەوە ماڵی خۆی‌و کوێرەکەش چوو بۆ ماڵی قەدیس و بینایی بۆ گەڕایەوە. چەند رۆژێك تێپەڕی، خەڵکی بەردەوام باسی (خوان)ی پیسکەیان دەکرد، کە سەرەڕای ئەوەی زۆر دڵرەق و چاوچنۆکە، چۆن چاوی چاك بوەتەوەو بینایی بۆ گەڕاوەتەوە، ئەمە پەرجوویەکی سەیرە..!؟.

کەسێك نەما سەردانی (خوان) نەکات، یان بەبەردەمی ماڵەکەیدا تێپەڕنەبێت، پیسکەکەش کە خەڵکەکە پرسیاریان دەربارەی چۆنیەتی چاك بوونەوەی چاویان لێدەکرد لە وەڵامدا پێی دەگوتن:

* لەیەزدان پاڕامەوە کە بینایم بۆ بگێڕێتەوەو چاکم بکاتەوە، منیش بەڵێنم پێدا کە بڕێك زێرو گەوهەری پێببەخشم، لەکاتی نوێژکردن‌و پاڕانەوەمدا هەستم دەکرد وردە وردە بینایم روون دەبێتەوە، منیش بۆماوەی چەند کاتژمێرێك نوێژم کردو پاڕامەوە، لەناکاو کە

PDF4Kurd

**چاوم کردەوە،(قەدیس)م بینی دەستبەجێ زێروگەوهەرەکەم داناو هەڵاتم، ئێستاش بەڵێن بێت هەمیشە دیاری بە نرخ و گرانبەها پێشکەش بە (قەدیس) بکەم، یەکێك لە میوانەکانی وتی:**

**- ئەمەی تۆ پێشکەشت کردوە، هێشتا کەمە.**

**پیسکەش وتی:**

*** سپڵە دەبم، ئەگەر رۆژێك لەرۆژان لەیادم بچێت دیاری پێشکەش بکەم، چونکە ئەو گرانبەهاترین  شتی بۆ من گێڕایەوە کە بیناییە. لەم ساتەدا جوتیارە هەژارەکەو هاوسەرەکەی هاتنە ماڵی پیسکە، پاش سڵاو، جویتارەکە بە پیسکەی وت:**

**- من و هاوسەرەکەم، لەدڵو دەرونەوە بۆ تۆ پاڕاینەوە لەیەزدان تاکو بینایت بۆ بگێڕێتەوە.**

**پیسکەش لە وەڵامدا وتی:**

*** من هەست دەکەم، تەنها نوێژکردن و نزاو پاڕانەوەکانی خۆم بەس بوون.**

**- هیچ کەسێك نازانێت، یەزدان بە چ هۆیەکەوە گەورەیی و بەخشندەیی و پیرۆزی خۆیمان پێدەبەخشێت...!.**

**- پیسکەش وتی:**

*** بۆ ئاگاداریت، بەتەنها نوێژکردن و پاڕانەوە بەس نەبوون، لەسەردانەکەمدا بۆ ماڵی(قەدیس)، بڕێك زێرو گەوهەری گرانبەهام پێشکەش کردوەو...**

**بەر لەوەی قسەکانی تەواو بکات، پیسکە لەناکاو دەستیگرت بەهەردوو چاویەوەو بەشڵەژاویەوە هاواریکرد:**

*** کوێر بووم... ئەی هاوار خەڵکینە کوێربووم هیچ نابینم.. بینایم لێڵ بوو، کوێربوومەوە. لەناکاو ، لەنادیارەوە ئەو بڕە زێروگەوهەرەی پێشکەشی(قەدیس)ی کردبوو، فڕێدرایەوە بەر پێی پیسکەکە، میوانەکان هەموویان بە جوتیارە هەژارەکەو هاوسەرەکەشیەوە سەرسام بوون و حەپەسان، کەسیش نەیزانی ئەو بڕە زێرو گەوهەرە لە کوێوەو چۆن گەڕایەوە .**

***

PDF4Kurd

# ئەفسانەیەك لە ( یۆكاتان )ەوە

# باڵندەی كوو

هەزاران ساڵ لەمەومەبەرو پێش ئەوەی مرۆڤ لەسەر زەوی دروست بكرێت،(تۆناتیۆ)ی خوداوەند باڵندەی زۆری دروستكردو ئاسمانی لێ پڕكرد، لەیەك چركەدا ئەو ئاسمانە كپو پانو بەرینە لێوانلیوبوو لەدەنگی باڵندەو ژاوەژاوو فڕەفڕی باڵەفڕەیان، تیشكی خۆریش رەنگی بریسكەدارو بریق و باقی پەڕوباڵەكانیانی هێندەی تر جوانتركردبوو.

لەسەرەتادا، كاتێك هەموو باڵندەكان سەرگەرمی فڕینو گەشتی خۆیان بوون لە هەوادا، (سیساركە كە چەڵە) یەك زۆر لە بەرزیەوە بەئاسماندا دەفڕیو بە لوتبەرزیەوە هەستی بە توانای لەرادەبەدەری خۆی دەكرد لە فڕینو گەیشتن و نیشتنەوە لەسەر لوتكەی چیا بەرزەكان، كاتێك هەموو باڵندەكان چاویان بە (سیساركە كەچەڵە) كەوت، هەوڵیاندا لاسایی بكەنەوەو هاوشێوەی ئەو بفڕن، بەڵام نەیانتوانی، ناچار كردیانە سەركردەی خۆیان.

سیساركە كەچەڵەش بۆ ئەوەی ژیانی باڵندەكان رێك بخاتو جوان كاروبارەكانیان بەڕێوەببات، پێی وتن: هەركاتێك مانگ پڕبوو لەگەڵیا كۆببنەوە بۆئەوەی باس لە كاروبارەكانی خۆیان بكەنو رێنماییەكانی خۆیشیان بداتێ، باڵندەكانیش گوێیان دەگرتو هەرچیەكی بگوتایە زۆر بەوردی جێ بەجێیان دەكرد. تەنها یەكێك لە هەموو باڵندەكان، لەكاتی كۆبوونەوەكاندا بە پرسیارو سكاڵاو جوڵەجوڵی بەردەوام هەمویانی بێزارو هەراسان دەكردو ناچاری دەكردن لەدەستی هەڵبێنو حەزیان لەچارەی نەدەكرد، باڵندەی(كوو)بوو. ئەم باڵندەیە جەستەیەكی بچكۆلانەی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا شێوەو رەنگی پەڕەكانیشی ناشیرین بوون، ئەمانەش هۆكاربوون بۆئەوەی باڵندەكانی دیكە گاڵتەی پێبكەن.

رۆژێك لەرۆژان، كاتێك ئەم باڵندەیە لەسەر كەناری جۆگەلەیەكی نزیك بە هێلانەكەی خۆی وەستابوو، سەیری ئاوەكەی كردو بۆ یەكەم جار وێنەی خۆی لە ئاوە مەنگەكەدا بینیەوە، سەرنجیدا پەڕوباڵی هێندە ناشیرین نین هەروەكو هاوڕێكانی دەڵێن، بەڵكو پەڕوباڵی سەوزێكی بریسكەدارن هەروەكو پەڕوباڵی باڵندەكانی دیكە وایە، بەمە زۆر دڵخۆش بوو، بەدەم گۆرانی وتنەوە كەوتە سەماكردنو بەخۆشحاڵیەوە بەدەنگی بەرز دەیخوێند بۆئەوەی هاوڕێكانی لێئاگادار بكاتەوە.

لەناكاو ژمارەیەك باڵندەی هاوڕێی بەلایدا تێپەڕینو بینیان(كوو) زۆر دڵخۆشو ئاسودەیە، یەكێكیان بەویتریانی وت:

- ئاخۆ، باڵندەی(كوو) چی لێقەومابێ...!؟.

* لەوانەیە روداوێكی خۆشی لێڕودابێتو وای لێكردبێت ناشیرینی خۆیو پەڕوباڵی

PDF4Kurd

بیربچێتەوە.

که باڵندەی(کوو)ش گوێی لە قسەکانیان بوو پێکەنی و پێی وتن:

- گوێم لێتان بوو دەتانگوت، ئاخۆ باڵندەی کوو چی لێقەوماوە!؟، نابینن رەنگی پەڕوباڵم گۆڕاوە بۆ رەنگی سەوزی بریسکەدار؟.

باڵندەکانیش سەیریان کردو سەرنجیاندا هیچ روینەداوە کەشایەنی ئەو هەموو ئاسودەییە بێت. باڵندەی(کوو)ش بەفیزەوە چەند جارێك بەدەوری ئەواندا خولایەوەو بەشانازیەوە وتی:

- لەوە دەچێت، چاوتان هیچ نەبینێت.

یەکێك لە باڵندەکان وەڵامی دایەوەو وتی:

* رەنگی پەڕوباڵت هەروەکو خۆیەتی و هیچ نەگۆڕاوە.

- چۆن نەگۆڕاوە، چەند ساتێك پێش ئێستا وێنەی خۆمم لە ئاوەکەدا بینیوە.

یەکێك لە باڵندەکان دەستی کرد بەپێکەنین و وتی:

* ئەوەی بینیوتە رەنگی قەوزەی ناو ئاوەکە بووە تێکەڵ بەرەنگی پەڕوباڵت بووە.

باڵندەی(کوو) کە ئەمەی بۆ دەرکەوت، شەرم گرتی و تۆزێك تورە بوو. ئاوی ئەو جۆگەلەیە خۆی رەنگی بوو بووە سەوز، بەهۆی ئەو قەوزە زۆرەی تیایدا بووە، نەك پەڕوباڵی(کوو) گۆڕابێت بۆ رەنگی سەوز، دوای ئەوەی باڵندەی(کوو) راستیەکەی بۆ ئاشکرابوو، ئیدی هەڵسوکەوتی بێزارکەرو ناشایستەی دژی باڵندەکانی دیکە زیاتر کردو ئەوانیش لێی دوردەکەوتنەوەو هاوڕێیەتیان نەدەکرد.

لەیەکێك لە کۆبوونەوە گشتیەکانی باڵندەکاندا، سیسارکە کەچەڵە لە رەفتارە ناشیرین و بێزارکەرەکانی باڵندەی(کوو) بێتاقەت بوو، بەپەرۆشەوە بیری لەوە کردەوە ئەم کێشەیە چارەسەربکات، کاتێك کۆبونەوەی باڵندەکان کۆتایی پێهات، سیسارکە کەچەڵە بانگی(کوندە پەپووی) کردو پێی وت:

- تۆ داناترین و عاقڵترین باڵندەیت، باپێکەوە بیر لە چارەسەرێك بکەینەوە، بۆ ناشیرینی و کێشەکانی باڵندەی(کوو)، ئەگەرنا، ئەوا ناچارم لە باڵندەکان دوری بخەمەوەو دەریبکەم.

* تاکە چارەسەر بۆ باڵندەی(کوو)، ئەوەیە کە رەنگی پەڕوباڵی بگۆڕین... بەڵام نازانم چۆن بیگۆڕین؟

- بەڵێ وایە.. منیش هەمان بیروڕام هەیە.

* بیرم کەوتەوە... چارەسەرێك هەیە، بەڵام پێویستی بە هاوکاری هەموان هەیە، ئەوەش دەبێت هەر باڵندەیەك پەڕێك لەپەڕەکانی خۆی بداتێ، بەمەش پەڕوباڵەکانی جوان دەبن و ئەویش ئاسودە دەبێت و لەکاری ناشایستەش دوردەکەوێتەوە.

PDF4Kurd

ئەم بیرۆکەیە(کوو)ی خۆشحاڵ کرد، بەڵام ئەم خۆشحاڵیەی درێژەی نەکێشا، چونکە هەموو باڵندەکان ئەو بیرۆکەیەیان رەتکردەوە، لەمبارەیەوە یەکێکیان وتی:

- باڵندەی(کوو) بەردەوام بێزارمان دەکات، بۆیە پێویستە بە زووترین کات لەباڵندەکان دووربخرێتەوە، کاتێك(کوندە پەپوو) بینی هەموو باڵندەکان ئەوپێشنیارە رەتدەکەنەوە پێی وتن:

* هەریەکەتان پەڕێك لە پەڕەکانی خۆی بدات بە باڵندەی(کوو)، لەبەرامبەریشدا(کوو) دەبێتە پەیامنێرو پەیامبەری ئەنجومەنی باڵندەکان. پاش ئەوەی هەموو باڵندەکان گفتوگۆیان لەسەر باشی و خراپی ئەم پیشنیارە کرد قایل بوون بەوەی هەریەکەیان پەڕێك لە پەڕەکانی خۆی بداتێ.

لەماوەی شەوو رۆژێکدا، باڵندەی(کوو) گۆڕا بۆ باڵندەیەکی زۆر جوان، بەجۆرێك پەڕوباڵەکانی هێندە جوان بوون، لەباڵندەکانی دیکە جوانتری کردبوو،(کوو)ش بیری لەهیچ نەدەکردەوە تەنها سەیرکردنی خۆی نەبێتو سەرسام بوونی بە جوانی خۆی نەبێت، لەم شوێن بۆ ئەو شوێن و لەم چل بۆ ئەو چڵ دەفڕی، بە لە خۆبایی بوون و فیزێکی زۆرەوە بەپەڕە جوانەکانیەوە خۆی نمایش دەکرد.

رۆژێك لە رۆژان، سیسارکە کەچەڵە بڕیاریدا هەموو باڵندەکان بۆ کۆبونەوەیەکی بەپەلەو فراوان بانگهێشت بکات، بۆ ئەم مەبەستە داوای لە باڵندەی(کوو)کرد، وادەو شوێنی کۆبونەوەکە بە سەرجەم باڵندەکان رابگەیەنێت.(کوو) بەم داواکاریە نیگەران بوو، چونکە ماوەی ئەوەی نەدەما کە سەیری خۆی بکات، بەڵام دەیزانی کە ئەو فەرمانە لە(سیسارکە کەچەڵە)وە دەرچووە، پێویستە جێبەجیٚ بکرێت.

کاتێك باڵندەی (کوو) فڕی بۆ ئەوەی یەکەیەکە باڵندەکان لە وادەوشوێنی کۆبونەوەکە ئاگادار بکات، وا رێکەوت بە کەناری دەریاچەیەکی جواندا تێپەڕی کە ئاوێکی پاكو بێگەردی هەبوو، ئەمیش رەنگە جوانەکانی خۆی تیا بینیەوە، هەڵوەستەیەکی کردو کەوتە سەیرکردنی خۆی، ئیدی بیری چووەوە کە ئەرکێکی گرنگ و بەپەلەی خراوەتە ئەستۆی، لەو لاشەوە سیسارکە کەچەڵە چوو بۆ شوێنی کۆبونەوەکە، سەیریکرد هیچ کام لەباڵندەکان لەویٚ نین، وای بۆچوو کە خۆی پێش وادەی کۆبونەوەکە هاتووە، بڕیاریدا چاوەڕییان بکات، پاش تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر بە تەنهایی لە شوێنی کۆبونەوەکە، هێشتا هیچ کام لە باڵندەکان ئامادەنەبوون، ئەوەی بە خەیاڵدا هات کە لەوە دەچێت باڵندەکان بەنیازبن لە فەرمانەکانی یاخی ببن، چونکە ئامادەنەبونیان جۆرێکە لە یاخیبوون، بڕیاریدا بە زەبری لێدانو پیاکێشانی دەنوك بیانهێنێت، خۆی چوو بۆلای یەکەیەکەی باڵندەکانو ناچاریکردن کە بچن بۆ شوێنی کۆبونەوەکە، لەرێگەی گەڕانەوەیدا چاوی بە (کوندە پەپوو) کەوتو پێی وت:

- تۆ کە لە هەموویان داناترو عاقڵتر بویت، بۆچی ئامادەی کۆبونەوەکە نەبویت؟.

PDF4Kurd

* کەس، وادەوشوێنی کۆبونەوەکەی پێڕانەگەیاندووم.

- چۆن.. ئەی باشە، باڵندەی(کوو)م راسپاردوە هەموو باڵندەکان ئاگاداربکاتەوە..!!.

* نەخێر... باڵندەی(کوو) هیچی پێنەوتوم.

کاتێك بەدەم گفتوگۆوە هەردوکیان پێکەوە گەیشتنە شوێنی کۆبونەوەکە بینیان هەموو باڵندەکان نارەزاییان بەرامبەر بە زۆر هێنانیان بۆ کۆبونەوەکە دەردەبڕی، بەڵام باڵندەکان کە بینیان وا سیسارکە کەچەڵە گەیشتە لایان، هەموان بێدەنگ بوون، ئەویش پێی وتن:

- باشە، باڵندەی(کوو) پەیوەندی بە کەستانەوە نەکردوە، تاکو لەوادەی کۆبونەوەکە ئاگادارتان بکات!؟.

هەموو باڵندەکان پێکەوە بەدەنگی بەرز وتیان:

* نەخێر.

هاوارو دەنگە دەنگ هێندە بەرزبوو تاکو گەیشتە گوێی خوداوەند(تۆنایتۆ)و گوێی باڵندەی (کوو) کە هێشتا لە دنیای خەیاڵی جوانی پەڕوباڵەکانی خۆی نوقوم بووبوو، کاتێك کە بەئاگا هات، بیریکردەوە چ کارەساتێکی خوڵقاندووە، بەپەلە هەڵاتو لەدارستانەکەدا خۆی حەشاردا، بەڵام هاوارو دەنگی بەرزی نارەزایی باڵندەکان درێژەی هەبوو، تاکو خوداوەند(تۆنایتۆ) داوای لێکردن بێدەنگ بن ، ئەوانیش هەر بەردەوام بوون، خوداوەندیش ناچاربوو هێزیان بەرامبەر بەکاربهێنێ، ئەنجام سزای بەوەدان کە بۆ هەمیشە بێدەنگیان بکات و چیتر دەنگیان نەبێت، واتە (لاڵ)یان بکات و توانای قسەکردنیان نەبێت.

بێدەنگیەکی مەترسیدار سەراپای دارستانەکەی گرتەوە و هەموو باڵندەکانیش بە سەرسامیەوە سەیری یەکتریان دەکرد، بەبێ ئەوەی تێبگەن چی روویداوە!؟.

هەندێکیان هەوڵیاندا لە قسەکردن بەردەوام بن، بەڵام هیچ دەنگیان دەرنەچوو، جگە لە (جیکە جیك)ی لاوازو چەند دەنگێکی تر نەبێت کەلە (فیکەلێدان) دەچوو، ئەوسا هەمویان زانیان چی رویداوە!؟.

باڵندەکان هەمویان تورەبوون و بڕیاریاندا بگەڕێن بەدوای باڵندەی(کوو)دا بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیانی لێبکەنەوە، بەڵام نەیاندۆزیەوەو بێ هیوا بوون.

ئەمجارە تورەبوونەکەیان گۆڕا بۆ دژی (کوندە پەپوو) چونکە ئەو خاوەنی پێشنیارەکە بووە، هەر ئەویان بەبەرپرسی روداوەکە دەزانی، بەڵام خۆر بەزەیی بە(کوندە پەپوو)دا هاتەوە، ئەو رۆژە خۆر زۆر بەپەلە ئاوابوو، ئیدی (کوندەپەپوو) توانی لەدەستی باڵندەکان هەڵبێت و بەر توڵەکردنەوەی ئەوان نەکەوێت.

لەو رۆژەوە(کوندەپەپوو) لەترسی تورەبوونی باڵندەکانی دیکە بەرۆژ نایەتە دەرەوە و هەر لە هێلانەکەیدا دەمێنێتەوە، بەڵام باڵندەی(کوو) تائێستاش لە (کوندە پەپوو) دەترسێ و بەردەوام خۆی حەشاردەدات، چونکە ئەو لەتاریکی شەودا بۆی دەگەڕێت تاکو تۆڵەی لێبکاتەوە.

***

PDF4Kurd

# ئەفسانەیەك لە ( گواتیمالا )وە

## كۆكۆڵی نەمر

(كۆكۆڵ) كوڕی، سەركردەی یەكێك لە خێڵەكانی (كیجوا)*بوو، منداڵێكی ئازاو جەربەزەبووەو هەموو خەڵكی خێڵەكەیان خۆشیاندەویست‌و ڕێزیان لێدەگرت.

لەرۆژی یەكەمی لەدایك بونیەوە، چۆلەكەیەكی(كۆلیبری)* جوان لەسەر یەكێك لە لقی درەختەكانی نزیك ماڵی سەركردە نیشتەوەو جێگتربوو، كاتێك جادوگەری خێڵەكە چۆلەكەكەی بینی، بەسەركردەی وت،

- نیشتنەوەی چۆلەكەی(كۆلیبری) لەسەر ئەو درەختە بەرامبەر ئەم منداڵە، هێمایە بۆ ئەو، ئەمەش مانای وایە كوڕەكەت دەبێتە قارەمانێك لەنێو قارەمانەكاندا، هەروەكو باڵندەی (كۆلیبری) كە پەڕی ئاوریشمینی هەیە.

بەڵێ قارەمانیەتی (كۆلۆڵ) یەكێك بوو لە سیفاتە دیارو بەرچاوەكانی ئەو، لەكاتێكدا كە گەورەبوو، لە زۆربەی جەنگ‌و ململانێكانی خێڵەكەیدا لەگەڵ ئەو خێڵانەی تر كە هێرش وپەلاماریان لە دژیان ئەنجام دەدا،(كۆكۆڵ) هێزوتوانا‌و قارەمانیەتی خۆی دەخستەڕوو، ئەمەش سەرنج‌و خۆشەویستی خەڵكی خێڵەكەو پیاو ماقولانی خێڵەكەی بۆ خۆی راكێشا، (كۆكۆڵ) لەهەموو ئەو چالاكی و جەنگانەدا بێئەوەی بریندار ببێت، بێزیان لێی دەردەچوو. ئیدی بەشداری لە هەموو كاروبارەكانی خێڵەكەیدا دەكرد، رۆژێك.. جادوگەرو پیاو ماقولانی خێڵەكە هەموویان كۆبونەوە بۆئەوەی پێشبینی ئایندەو داهاتووی(كۆكۆڵ) بكەن. لە ئاهەنگێكی گەورەو فراواندا كە لەژێر سایەی درەختێكی مەزن‌و زەبەلاحی ناو ئاواییدا سازكرا، گەورەجادوگەر بەبێدەنگیەوە وردە وردە بەردی رەنگ ئەرخەوانی فڕێ دەدایە سەر زەوی، كە دواتر هەموو ئەو بەردانە چەند شێوەو پێكهاتەیەكی سەیرو نامۆیان لێ دروست بوو، بەلام بەنیسبەت جادوگەرەكەوە وانەبوو، بەلام خەڵكەكە هەموویان سەرسام بوون، جادوگەرەكە رویكردە(كۆكۆڵ)و پێی وت:

- ئەمە، چارەنوسی تۆیە ئەی(كۆكۆڵ)، تۆ بۆ هەمیشە بە نەمریی دەمێنیتەوەو بۆ چەند نەوەیەك دەژیت.

ئیدی لێرەوە(كۆكۆڵ) لەچاوی هەمواندا گەورەبوو، دوای ئەوەی پەیامی جادوگەرەكەیان بیست، هەموان دڵخۆش و ئاسودەبوون، تەنها یەك كەس لە خەڵكی خێڵەكە كەلەو ئاهەنگەدا ئامادەبوو، بەسەركەوتنەكانی(كۆكۆڵ) نیگەران دەبوو وئازاری دەچەشت، ئەو كەسەش (جیرۆما)ی برای سەركردەی خێڵەكە بوو، ئەویش گەنجێك بوو لە تەمەنی (كۆكۆڵ)دا، كە خەونی بەسەركردایەتیكردنی خێڵەكەوە دەبینی، بەلام قسەكانی

---

*كیجوا : دانیشتوانی بنەڕەتی گواتیمالان بەرلە داگیركاری ئیسپانیا لەساڵی (1492).

*كولیبری: جۆرێكە لەباڵندە بچوكەكان كە پێیان دەوترێ باڵندەی تەنانە(گیزەگیزكەر).

PDF4Kurd

جادوگەرەکە بەدیهێنانی خەونەکانی کەمێك ئەستەم کرد، بەتایبەتی پاش ئەوەی (کۆکۆڵ) رێز و خۆشەویستی لەناو خەڵکی گوندەکەدا پەیدا کردو هەر لەوێدا هەموویان پێیان وت: کە دوای مردنی باوکی دەکرێت بەسەرکردەی خێڵەکە.

تاکە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خێڵەکە لەو رۆژگارەدا، هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی خێڵەکانی هاوسێیان بوو کە لەدژیان ئەنجام دەدرا.

(جیرۆما) ئەمەی بەهەل زانی بۆ ئەوەی چاودێری(کۆکۆڵ) بکات کە چۆن دەجەنگێ‌و چۆن ئازایانەو قارەمانانە هێرش دەکاتە سەر دوژمنان‌و لەکاتی پێویست‌و گونجاودا پاشەکشێ دەکات‌و چۆن خۆی لێیان دەشارێتەوە ئەگەر پێویستی کرد.

لەگەرمەی جەنگدا و لەساتێکی دیاریکراودا وەکو باران ژمارەیەکی هێجگار زۆر (تیر ورم) ی دوژمنان بەسەر(کۆکۆڵ)دا دابارین، بەڵام هەموو(تیر وڕم)ەکان بەرلەوەی بگەنە سەر سەرو جەستەی (کۆکۆڵ) هەموویان رێڕەویان دەگۆڕا، وەك ئەوەی بەدوای ئامانجێکی دیکەدا بگەڕێن.

(جیرۆما) لەشیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەو مەسەلەیەدا دۆش داما و لەبەرخۆیەوە وتی:

تۆ بڵێی پەیام‌و قسەکانی جادوگەرەکە راست بن؟، نەخێر ...نەخێر ئەوە مەحاڵە، ئەی باشە ، چۆن (کۆکۆڵ) نەمردەبێت‌و بۆ چەند نەوەیەك دەژی!؟.

(جیرۆما) زۆر بیریکردەوە، لەئاکامدا گەیشتە ئەو بڕوایەی ،(کۆکۆڵ) نوشتە، یان دۆعایەکی پێیە کەلە مەترسیەکانی ژیان دەیپارێزێت، بڕیاریدا بەدوای ئەو نهێنییەدا بگەڕێت و بزانێت چ شتێك لەپشتی ئەو ئازایەتی‌و قارەمانیەتی ئەوەوەیە...!

رۆژێك لەرۆژان ، لەکاتێکدا(کۆکۆڵ) لەکۆڵیتەکەی خۆیدا لە خەوێکی قوڵدا بوو، (جیرۆما) بەئەسپایی چووە ژورەوەو بەهێمنی ناو کەل‌و پەل‌و پێداویستیەکانی (کۆکۆڵ)ی پشکنی، بەڵام هیچی نەدۆزیەوە، کاتێك بە بێ هیواییەوە ویستی لە کۆڵیتەکە بچێتەدەرەوە، لەناکاو بینی پەڕێکی جوانی باڵندەی (کۆلیبری)لەژێر سەرینەکەی (کۆکۆڵ)دایە، دەستبەجێ زۆر بە وریاییەوە دەستی بۆ بردو لەژێر سەرینەکەی رایکێشا و بەپەلە چووە دەرەوە بەبێئەوەی (کۆکۆڵ) لەو خەوە قوڵەی بەئاگابێتەوە.

لەو کاتەدا(جیرۆما) بەسەرهاتەکەی باڵندەی (کۆلیبری) بیرکەوتەوە کە رۆژی لەدایك بووتی (کۆکۆڵ) بەسەر درەختەکەی نزیك ماڵەکەیانەوە نیشتبوەوە و کەس‌وکارەکەی بۆیان گێڕابوەوە، لێرەدا(جیرۆما) ئەو بڕوایەی لەلا دروست بوو کە ئەم (پەڕە)، ئەو نوشتەیەیە کە لە مەترسیەکانی دەیپارێزێت‌و نەمری دەکات.

کاتێکیش (کۆکۆڵ) بووە پیاوێکی تەواو، باوکی کە سەرکردەی خێڵەکەبوو نەخۆش کەوت‌و مرد، پاش چەند رۆژێك جادوگەرەکەو ریش سپیانی گوند کۆبوونەوە بۆئەوەی سەرکردەیەك بۆ خێڵەکەیان دیاری بکەن،

لەکۆبوونەوەکەدا بەدەسەڵاتترین و بەتەمەنترین پیاو ماقوڵ وتی:

PDF4Kurd

- پێویسته (کۆکۆڵ) بکەین بەسەرکردەی خێڵەکەمان.

* بێگومان... لەرۆژی لەدایك بوونیەوە ، پێشبینی ئەوەمان کردبوو.

هەموو ئامادەبووانی کۆبونەوەکە قایل بوون بەو پێشنیارە، جگە لە یەکێکیان ، ئەویش وتی:

- لەگەڵ ئەوەشدا پێویست وابوو(جیرۆما) هەڵبژێرین بەسەرکردەی خێڵەکەمان، چونکە ئەم برای سەرکردەی کۆچکردوە.

بەڵام، پەیام و پێشبینی جادوگەرو قارەمانیەتیو ئازایەتی(کۆکۆڵ) خۆی، دووهۆکاری گرنگ بوون بۆ هەڵبژاردنی (کۆکۆڵ) بە سەرکردەی خێڵەکە.

دواتر هەمویان بە بۆنەی هەڵبژاردنی (کۆکۆڵ) بەسەرکردەی خێڵەکە، ئاهەنگیان گێڕا، (جیرۆما)ش ئامادەی ئاهەنگەکە بوو بەبێ ئەوەی تورەبوونی پێوە دیاربێت، بەڵام لەناخەوە گەلێك نیگەران بوو، بەڕواڵەتیش خۆی واپیشان دەدا کە دڵخۆشە، لەلایەکی تریشەوە زۆر دڵخۆش بوو، چونکە (پەڕ) ی باڵندەکەی لێ دزیبوو، دڵنیابوو لەوەی ئیتر لەمەولا (کۆکۆڵ) توشی چەندین بارودۆخ و هەلومەرجی نالەبار دەبێتو شکست دێنێو دواکات خۆی دەبێتە سەرکردەی خێڵەکە رۆژێك لەرۆژان، لەکاتێکدا(کۆکۆڵ) بەتەنیا بە خۆیی و تیروکەوانە قورسەکەیەوە دەسوڕایەوە، لەنێوان لقو پۆپی درەختەکانەوە گوێی لە خشەخشێکی سەیربوو، خۆی بۆ بەرگریکردن ئامادەکرد، سەیریکرد باڵندەیەکی (کۆلیبری) بەسەر لقی یەکێك لە درەختەکانەوە بینی، هەرچەندە ئەمە یەکەم جارە ئەم جۆرە باڵندەیە دەبینێ، بەڵام سەیریکرد زۆر لەوە جوانترە کە باسکراوە(کۆکۆڵ) کەوانەکەی داگرتو بەسۆزو بەزەییەوە سەیری باڵندەی (کۆلیبری)کرد، بەڵام بەسەرسامیەوە گوێی لێبوو باڵندەکە دەیگوت:

- گوێم لێبگرە کۆکۆڵ، من پارێزەری تۆم، هاتوم ئاگادارت بکەمەوە لەوەی کە مردن چاودێریت دەکاتو وەکو سێبەری خۆت بەدواتەوەیە، بۆیە پێت دەڵێم ئاگات لە خۆت بێتو بەوریاییەوە هەڵسوکەوت بکە.

* کێن ئەو کەسانەی کە من پێویستە بەئاگابم لێیان، ئەی باڵندەی جوان!؟.

بەڵام باڵندەکە دوای ئەوە هیچی دیکەی نەوت و هەڵفڕی و لەچاوان ون بوو. سەرکردەی لاو بەسەرسامیەوە دەیڕوانیە ڕێڕەوی ونبوونی باڵندەکە، پاشان کەوتەوە ڕێ لەناو دارستانەکە.

(کۆکۆڵ) بە قسەکانی باڵندەکە هەستی بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ کرد، ئیدی رۆژانی دوای ئەوە، زۆر بەئاگایانە چاودێری هەموو ئەو کەسانەی دەکرد کە لەدەوروبەری بوون و ئەوانەش کە روبەڕوو قسەی لەگەڵ دەکەن، بەڵام هیچ شتێکی سەرنج راکێشو بە گومانی لێ نەبینین، بەتێپەڕبوونی رۆژگارو بەهۆی سەرقاڵبونیەوە بەکاروباری خێڵەکەیەوە،(کۆکۆڵ) ئەوەی بیرچوەوە کە باڵندەی (کۆلیبری) پێی راگەیاندبوو.

PDF4Kurd

بەڵام (جیرۆما) ش بێ هیوا نەبوو لە گەیشتن بە دەسەڵات‌و سەرکردایەتیکردنی خێڵەکە، چونکە دڵنیابوو لەوەی (کۆکۆڵ) ئێستا ئەو هێزو توانا شاراوەیەی نەماوە کەهێزو توانایەکی لەڕادەبەدەربوو، لە هەرساتێکدا بێت لەیەکێك لە جەنگەکانی داهاتودا پێوە دەبێت‌و دەپێکرێت، بەڵام ئەوەی(جیرۆما)ی زۆر نیگەران کردبوو، ئەوەبوو لەوکاتەوەی (کۆکۆڵ) سەرکردایەتی خێڵەکەی وەرگرتووە، ئاشتی و هێمنی باڵی بەسەر تەواوی خێڵەکەدا کێشاوە، چونکە هێرشی خێڵەکانی دیکە بۆ سەر خێڵەکەی کۆتایی پێهێنرابوو.

رۆژێك لەرۆژان، (جیرۆما) لەگەڵ یەکێك لە پیاوە ماقوڵانی خێڵەکە قسەی دەکرد کە یەکێك بوو لەئەندامانی ناو ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی خێڵەکە، مەسەلەی ئەو هێرش‌و پەلامارانەی لەگەڵ باسکرد کە لەلایەن خێڵەکانی دیکەوە لەدژیان ئەنجام دەدرێت، ئەویش لە وەڵامدا وتی:

- من وای بۆ دەچم، کە بەهۆی چالاکی‌و سەروەریەکانی (کۆکۆڵ) ەوەیە، ئێمە و هەموو خەڵکی خێڵەکەمان چێژ لەئاشتی وەردەگرین.(جیرۆما) ش وەڵامی دایەوە و وتی:

* بۆچی بەهۆی ئەوەوەیە؟ پێشترو بەرلەوەی ببێتە سەرکردە زیاتر لە جارێك قارەمانیەتی‌و ئازایەتی خۆی لە جەنگەکاندا تاقیکردوەتەوە، ئایا دەزانیت، ئێستا وانەماوەو لەژیانی خۆی دەترسێت!؟.

- شتی وا بێتام مەڵێ، تاکو ئێستا(کۆکۆڵ) هەروەکو پێشوو قارەمانە و هەرواش دەمێنێتەوە، نەیارەکانیشمان ئەو راستیە باش دەزانن و دڵنیاشن لەوەی کە خوداوەند پارێزگاری لێدەکات، لەبەرئەوەیە کە نەیارەکانمان پرکێشی ئەوە ناکەن جارێکی دیکە هێرشمان بۆ بکەن.

(جیرۆما) لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو وتی:

* ئەی، ئایا دەزانیت جەنگاوەرەکانمان بەتێپەڕبوونی کات بی هێزو بی توانا دەبن‌و جۆرێك لە سڕبوون و مت بوون و تەمەڵی دەیانگرێتەوە، ئەگەر لە داهاتوودا توشی هەر جەنگێکی دیکە ببن ، گومانم لە تواناییان هەیە، چونکە دوورن لە مەشق‌و راهێنانەوە.

وشەکانی(جیرۆما) کاریکردە سەر پیاوە ماقوڵەکە، پیاوە ماقوڵەکەش داوایکرد ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی خێڵەکە بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخەکە کۆببێتەوە لەمبارەیەوە یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەن وتی:

- بۆچی لەوە دەترسن؟ ، ئەی پەیامی جادوگەرتان لەبیرچووە!؟.

* بەڵێ.. ئەوەمان لەبیرە، بەڵام قسەکانی جادوگەرەکە مانای دیکە دەبەخشن، بەڵام ئایا بە تێپەڕبوونی کات‌و بەو حاڵەتەوە چی روودەدات؟.

ئیدی لەو کاتەوە نیگەرانی‌و دڵەراوکێیەکی زۆر ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی خێڵەکەی گرتەوە.

PDF4Kurd

* (جیرۆما)ش لەسەر روونکردنەوە شەڕانگێزیەکانی بەردەوام بوو، هەتاکو پیاو ماقوڵانی ئەنجومەنی ناچارکرد گومان لە توانا و لێهاتویی(کۆکۆڵ) بکەن، لەجیاتی ئەوەی وەك سەرکردەیەکی پارێزەری هێمنیو ئاشتیو دڵنیایی خێڵ سەیری بکەن، بەڵکو وەك سەرچاوەیەکی مەترسیدار بۆسەر گوندو خێڵەکەیان سەیریان دەکرد.

دوای چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەی نهێنی، پیاوماقوڵان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە تاکە رێگە بۆپارێزگاری لەهێمنیو ئاسایشی گوندەکەو خێڵەکە، کوشتنی(کۆکۆڵ)ە، یەکێك لەئەندامانی ئەنجومەن لەم بارەیەوە وتی:

- ئەگەر وابێت...ئەوا دەبێت ئەو کارە زۆر بەنهێنی ئەنجام بدرێت، چونکە هەموومان دەزانین کە خەڵکی خێڵەکە خۆشیان دەوێتو رێزی لێدەگرنو هەستیش بەو مەترسیە ناکەن کە ئێوە باسی دەکەن.

رۆژێك لەرۆژان ، لەکاتێکدا(کۆکۆڵ)وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی لەناو دارستانەکەدا دەسوڕایەوەو بە تەنها تیرکەوانەکەی خۆی پێبوو، لەناکاو لەپشتی درەختەکانەوە گوێی لە دەنگێك بوو، وایدەزانی کە نێچیرێك کەوتووەتە داویەوە، بەڵام دوای ساتێك بێدەنگی گوێی لە زیکەزیکێکی بەهێز بوو لە هەمان شوێنەوە، چەند چرکەیەك دوای ئەوە لەناکاو (تیر)ێك ئاڕاستەی (کۆکۆڵ)کراو لەسنگی هەڵچەقی، لێرەدا قسەکەی باڵندەی (کۆلیبری) بیرکەوتەوە کە پێی راگەیاندبوو ئاگات لە خۆت بێت،(کۆکۆڵ)تیرەکەی لەسنگی دەرهێناو بەرەو ناوەڕاستی دارستانەکە هەنگاوی نا، بەدوای جۆگەلە ئاوێکدا دەگەڕا تاکو خوێنی برینەکەی سەر سنگی پێبشووات، بەڵام خوێن بەرادەیەکی زۆر لەسنگیەوە فیچقەی دەکردو وردە وردە بەهۆی خوێن لەبەر رۆشتنەوە تواناى لەبەردەبڕاو بێ هێز دەبوو، هەوڵیدا پاڵ بداتەوە بە قەدی یەکێك لە درەختەکانەوە بۆ ئەوەی کەمێك پشوو بدات، برینەکەی سەرسنگی بەپارچەیەك قوماش بەست، بەڵام برینەکەی بەردەوام خوێنی لەبەر دەرۆیشتو هێزی لەبەر دەبڕا، هەستی بە تینوویەتیەکی زۆر کرد، لەپڕدا کەوتە سەر زەویو هەردوو چاوەکانی لێکناو لەبێدەسەڵاتیدا چاوەڕێی مەرگی دەکرد، بەڵام خوداوەند بریاریدابو بەنەمریی بیهێڵێتەوە.

ئیدی (کۆکۆڵ) ی سەرکردەی زامدار شێوەی گۆڕدرا بۆ باڵندەیەکی جوان لە باڵندەی (کۆلیبری) و پەڕی سەوزی بریسکەدار هەموو لەشی داپۆشی جگە لە شوێنی برینەکەی کە بە(پەڕ) ێکی سور داپۆشرا.

کاتێك نەیارەکانی گەیشتنە ئەو شوێنەی لاشەی زامداری(کۆکۆڵ)ی لێکەوتبوو جگە لە باڵندەیەکی جوان لە باڵندەکانی (کۆلیبری) هیچی دیکەیان نەبینی، ئیدی(کۆکۆڵ) بووە باڵندەو دای لە شەقەی باڵو بەرەو ئاسمان بەرزبوەوە و لێیان دورکەوتەوە، لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا(کۆکۆڵ)بووەتە رەمزێك لە شیعری(گواتیمالا) یدا.

***

PDF4Kurd

## ئەفسانەیەك لە ( نیکاراگوا )وە
## گوڵی مانگ

دەگێڕنەوە، لەسەردەمی کۆندا خێڵێکی بەهێز لە دەشتاییە فراوان و بەرینەکانی نزیك بە دارستانەکانی(نیکاراگوا) دەژیان، سەرکردەی ئەم خێڵە لە جەنگو راوکردندا کەسێکی بە توانابوو، تەنانەت هێندە بە توانابوو کە دەیتوانی لەگەڵ پڵنگیشدا بجەنگێت، رۆژێك لەرۆژان، لەکاتێکدا لەناو خێوەتەکەیدا بوو لەناو دارستانەکەدا، دەنگێك لە خەوە قوڵەکەی بەئاگای هێنایەوە، لەدەرگای خێوەتەکەی سەری هێنایە دەرەوە، بەڵام هیچی نەبینی، کە ویستی بگەڕێتەوە بۆ سەرجێگەکەی بۆ ئەوەی دیسانەوە بخەوێتەوە، گوێی لە دەنگی گریانی منداڵێکی بچوك بوو، بەڵام ئەمجارەیان لە خێوەتەکەی هاتە دەرەوەو بەرەو شوێنی دەنگەکە رۆیشت، بینی وا کیژۆڵەیەکی بچکۆلە دەگری، ئەمیش بۆ ئەوەی کیژۆڵەکە سڵ نەکات، بەمیهرەبانیەوە مامەڵەی لەگەڵ کردو هەڵیگرت و لەگەڵ خۆی بردیەوە بۆ ناوخێوەتەکەی.

پاش چەند رۆژێك سەرکردە خەڵکەکەی لێئاگادارکردەوە، بەڵام کیژۆڵەکە بەخەڵکی گوندەکە زۆر نامۆبوو، چونکە بە زمانێکی جیاواز لە زمانی خەڵکی گوندەکە قسەی دەکرد. لەوە دەچێت، ئەم کیژۆڵەیە لەگەڵ کەس‌وکاریدا هاتبێتە ناو دارستانەکەوەو بزر بووبێت.

رۆژانێکی زۆر تێپەڕین، نەسەرکردە و نەخەڵکی گوندەکەش، هیچ شوێنەوارێکی کەس‌وکاری کیژۆڵەکەیان نەدۆزیەوە، ئەم کیژۆڵەیە بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەماڵی سەرکردە ژیانی دەگوزەراند، سەرکردەش زۆر ئالودەی بوو بوو، زۆریش خۆشیدەویست، بۆیە بڕیاریدا بۆ هەمیشە لە ماڵەکەی خۆیداو لەگەڵ هەر حەوت کوڕەکەی بەخێوی بکات. کاتێك کیژۆڵەکە گەورەبوو، کیژە لاوێکی گەلێك جوانی لێدەرچوو، گەورەترین کوڕی سەرکردەش بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو کیژە لاوە بکاتە هاوسەری خۆی، هەر بۆیە بەبێ دوودڵیی داوای لە سەرکردەکرد  قایل بێت بەوەی ئەو کیژە ببێتە هاوسەری.

لێرەدا کێشەی ئەوە لە ئارادابوو کە شەش براکەی دیکەش گەورەبوون و بووبوونە پیاو، ئەمانیش هەمان بیرۆکەی براگەورەکەیان لە خەیاڵدا بوو، ئەم مەسەلەیەش سەرکردەی باوکیانی خستە دڵەڕاوکیوە، ناچار باوکەکە خۆی داوای لە کیژە لاوەکە کرد خۆی بە خواستی خۆی یەکێك لە کوڕەکان هەڵبژێری بە هاوسەری خۆی، بەڵام کیژەکە بەم داوایە شڵەژاو سەرسام بوو، نەیتوانی دەستبەجێ وەڵامی سەرکردە بداتەوە، پاش چەند ساتێك وەڵامیدایەوەو وتی:

- ئەو چاکەو پیاوەتیەی لەگەڵ مندا کردوتانە زۆر زۆرن، منیش نامەوێت بێوەفاو سپڵەببم بەرامبەرتان.

PDF4Kurd

سەرکردە لە قسەکانی کیژە لاوەکە تێنەگەیشت، لەبەرئەوەی هەموو بیرکردنەوەو توانای ئەو تەنها لەبواری جەنگدا خرابووەگەڕ، بۆیە بەسەرسامیەوە بە کیژە لاوەکەی وت:

* هەستە سەرپێ و کەمێك لێم وەرە پێشەوە، دەی پێم بڵێ لەو حەوت کوڕە کامیان هەڵدەبژێری تاکو بیکەیتە هاوسەری خۆت؟

- ماوەیەك رێم بدە، تاکو بیر لەمەسەلەکە بکەمەوە، ئەوەش بزانە من هەمیشە وەکو برایەکی خۆم سەیرم کردون، ئێستاش مەسەلەکە هەڵگەڕاوەتەوەو سەرم سوڕماوە، بۆیە نازانم کامیان هەڵبژێرم !؟.

سەرکردە قایل بوو بە داواکەی، هەستیکرد داوای کیژە لاوەکە لەجێی خۆیدایە.

رۆژگار هاتو رۆژگار رۆیی، بەبێ ئەوەی کیژەکە بتوانێت لەنێوان حەوت براکەدا یەکێکیان وەکو هاوسەری خۆی دیاری بکات، کاتێکیش حەوت براکە زانیان کیژەکە هیچ چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکە شك نابات، هەموو بڕیاریاندا بچنە ناو دارستانەکەو لەوێ گفتوگۆی لەسەر بکەن، بۆ رۆژی دوایی کە بەرەو دارستانەکە دەڕۆیشتن، پاش ئەوەی بۆ ماوەیەك لە گوندەکە دوورکەوتبوونەوە، برا گەورەکە وتی:

- سەیرکەن، وا چەند رۆژێك تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا هیچ ئەنجامێکمان دەست نەکەوتووە، ئێمەش نەمانزانیوە چی بکەین، بۆیە پێویستە ئیدی بڕیارێکی گونجاو بدەین بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکە، یەکێك لە کوڕەکان وتی:

- منیش لەگەڵ تۆدا هاوڕام، بەڵام چۆن بگەینە بڕیارێك؟ ئایا ئەو بڕیارە چیە؟.

پاش ئەوەی هەموویان بۆ چەند ساتێك بیریانکردەوە، لەناکاو براگەورەکەیان بیرۆکەیەك بەمێشکیدا هات، دەستبەجێ هەستایە سەرپێ و وتی:

- کیژەکە دەبێتە هاوسەری ئازاترینمان.

هەموویان پێکەوە وتیان:

* ئێمە قایلین بەوە .

یەکێکی تریان پرسی:

- چۆن ئەوەمان بۆ دەرکەوێت؟.

* دەجەنگین و شیربازی دەکەین، هەرکەسێك لە کۆتاییدا بەزیندوویی مایەوە ، ئەوە قارەمان و بەهێزەو شایانی ئەوەیە کیژەکە بکاتە هاوسەری خۆی.

هەموویان قایل بوون، چونکە هەریەکەیان هەستی دەکرد خۆی بە تواناترو بەهێزترە لەوی تر، بەڵام کارەکان بەو شێوەیە بەڕێوەنەچوون وەك بەرنامەیان بۆ داڕشتبوو، دوای ئەوەی حەوت براکە چوونە ناو دارستانەکەوە، لەهەمان کاتیشدا سەرکردە دەیویست پێکەوە لەگەڵ کوڕەکانی بچێت بۆ راوکردن، کاتێك لەدەوروبەری خۆی دیارنەبوون، دەستبەجێ هەستیکرد هەر حەوت کوڕەکەی چوون بۆ ناو دارستانەکە بۆ ئەوەی کێشەی نێوانیان لەسەر کیژە لاوەکە یەکلایی بکەنەوە، سەرکردە لە لاڕێ و پەناگاکانی ناو

PDF4Kurd

دارستانەکەو کون بە کونی شارەزابوو، بڕیاریدا بچێت بۆ ناو دارستانەکە، بۆیە هەر زوو خۆی گەیاندە دارستانەکەو توانی بگاتە شوێنەکەیان بەبێ ئەوەی کوڕەکانی هەستی پێبکەن، لەپاڵ درەختێکی گەورەدا خۆی لێ مەڵاسدان، گوێی لەو پلانەیان بوو کە نەخشەیان بۆ کێشابوو. بەپەلە سەرکردە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بەبێ ئەوەی بەکەس بڵێت، بڕیاریدا بچێت بۆ لای جادوگەری خێڵ بۆ ئەوەی راوێژی پێبکات لەو کێشەیەدا.

کاتێك جادوگەرەکە لەدەمی سەرکردەوە چیرۆکەکەی بیست، پێی وت:

- تەنها یەك رێگە هەیە بۆ رێگرتن لەو کوشتارەی لەنێوان کوڕەکانتدا روودەدات، ئەویش ئەوەیە فەرمان بدەیت، کیژە لاوەکە بکوژرێت، ئەمە کەی ئاسودەییە کە بەهۆی جوانیەکەیەوە بۆ تۆی هێناوە؟.

ئەمە تاکە چارەسەرە، ئێستا ژیانی کوڕەکانت لەدەستی تۆدایە، لەبیرت نەچێت کە ئەو کیژە کیژی خۆت نییە، سەرەڕای ئەوەی کە خۆت خزمەتت کردووەو گەورەت کردووە، سەرکردە بەنیگەرانی و خەمباریەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوەو زۆر بە قوڵیی بیری لە قسەکانی جادوگەرەکە دەکردەوە، بیریشی لەوە دەکردەوە کە خۆی چارەسەرێکی دیکە بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە، بەڵام بیرکردنەوەکانی هیچ بەرهەمێکیان نەبوو، تا دەهات ئازارو خەمەکانی زیاتر دەبون، چۆن ئازارو خەمی زۆرنابێت، چونکە بڕیاری کوشتنی کیژە لاوەکە بەنیسبەت ئەمەوە زۆر قورسە، لەبەرئەوەی خۆی بەخێویکردوەو گەورەی کردوەو وەکو منداڵێکی خۆی خۆشیدەویێت، ناچار بۆ رۆژی دوایی جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ لای جادوگەرەکەو پێی وت:

- من پێشنیارم ئەوەیە لەجیاتی ئەوەی بیکوژم، کیژە لاوەکە ببەم بۆ ناو دارستانەکەو وای لێبکەین چەواشە ببێت و رێی لێ ون بێت.

- بەم هەڵوێستەت، کیژە لاوەکە روبەڕوی ئازارێکی سەخت دەکەیتەوە، گیانلەبەرەدڕندەکان ونجڕ ونجڕی دەکەنو دەیخۆن، دواتریش هەر حەوت کوڕەکەت کە پێیان زانی هەموو شوێنێك بەدوایدا دەگەڕێن، چونکە هەموو پەناگەو لارێکانی ناو دارستانەکە شارەزان. وتەکانی جادوگەرەکە هیچ هیوایەکی سەرکردەی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو نەهێشتەوە، تاکو ناچار نەبێت، لەلایەك کیژەکە بکوژێت، لەلایەکی دیکە نەهێڵێت کوڕەکانی شەڕبکەنو دەستیان بچێتە خوێنی یەکتری بۆ بەهاوسەربوون لەگەڵ کیژەکەدا.

بەناچاری لە هەمان رۆژدا سەرکردە فەرمانیدا بە سەربازەکانی کیژە لاوەکە ببەن بۆ ناو دارستانەکەو دەستبەجێ بیکوژن، سەربازەکانیش کیژەکەیان برد بۆ ناو دارستانەکە، سەرەتا ئەوەندەیان لێدا، ئەوەندەیان لێدا ، تاکو هەموو گیان و جەستەی زامداربوو، بەڵام لەهۆش خۆی چوو، ئەوانیش وایاندەزانی کە مردووە، ئیتر بەجێیان هێشت.

PDF4Kurd

یەکێك لەبراکان بەدیارنەمانی کیژەکەی زانیو لەناو ماڵ ودەرەوەی ماڵ و چەندین شوێنی دیکە بەدوایدا گەڕا، بەڵام بێهودە بوو، بیری لەوە کردەوە کە یەکێك لە براکانی مەرجەکانی ڕێکەوتنامەکەی نێوانیان پێشێل کردوە کەلەناو دارستانەکە لەسەری ڕێکەوتبوون، کیژەکەی فڕاندووە، بەڵام کاتێك لە ماڵەوە چووە دەرەوە بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێت، چاوی بەدوو برای کەوت کە لە خۆی گەورەتربوون پێی وتن:

- ئەرێ نازانن چی رویداوە؟.

* نەخێر.

- کیژەکە لەشوێنی خۆی نەماوە، لەهەموو شوێنیکیش بەدوایدا گەڕاوم!.

* باشە... ئەی براکانی دیکەمان لەکوێن؟.

- من نازانم... ئێوە یەکەم کەسن کە چاوم پێکەوتبێ.

ئەم برایە پێویستی بەوە نەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە خۆیو ئەم دوو برایەی چیبکەن؟، لەبەرئەوەی هەردوو براکەی لە هەمان کاتدا هاوشێوەی براکەیان بیریان دەکردەوە، بەڵام کاتێك براکانی دیکەیان بینی لەناو دارستانەکەوە دەگەڕانەوە کە لەراوکردندا نێچیرێکی زۆریان راوکردبوو، ئیدی ئەم سێ برایەی دیکە گومانەکەیان رەویەوە، کە هەمویان یەکیانگرتەوەو هەواڵەکەیان  زانی، پێکەوە بریاریاندا بچن بۆلای جادوگەری گوندەکە بۆ ئەوەی شوێنی کیژەکەیان پێ بڵێ، ئەویش پێی وتن:

- من نەمدیوە... گەر دیبێتیشم، هەر ناتوانم هیچتان پێ بڵێم ، چونکە هیچ شتێك دەربارەی ئەو نازانم دەبێت بیربکەمەوە و بزانم هەستی پێشبینیەکانم چیم پێدەڵێت!، پاش ئەوە جادوگەرەکە چەند جوڵەیەکی سەیرو نامۆی ئەنجامدا، بەبراکانی وت:

- هەموومان دەزانین ئەو کیژە بەشێوەیەکی نادیار هاتە گوندەکەمانەوە ، بەبێئەوەی کەس بزانێت لە کوێوە هاتووە، بەهەمان شێوەش بەجێی هێشتین، هەوڵ مەدەن بەدوایدا بگەڕێن، چونکە ماندوو دەبن و نایدۆزنەوە . براکان هەمویان بەخەمێکی قووڵو بێهیواییەکی لەرادەبەدەرەوە لەماڵی جادوگەرەکە هاتنە دەرەوە، بەڵام شنەی شەماڵی بەرەبەیانی رۆژی دوایی هیوایەکی خستە دڵیانەوە، هەربۆیە هەر حەوتیان بڕیاریاندا بە دوای کیژەکەدا بگەڕێن و قسەی جادوگەرەکە بشکێنن.

لەو لاشەوە کاتێك کیژە لاوەکە لەناو دارستانەکە پاش لێدانێکی هێجگار زۆر لەلایەن پاسەوانەکانی سەرکردەوەو بەبێهۆشی بەجێیان هێشت، ئێستا لەتاو ئازارە زۆرەکانی بە ئاگابووەتەوەو لە چرکەیەکدا هەموو ئەو رووداوانەی هاتەوە بەرچاو کە تووشی بوو بوو، ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر سەراپا دەروون و جەستەی داگیرکرد سەیری دەوروبەری خۆی کرد شەوەو کەسی لەگەڵ نییەو ترسەکەی زیاتر بوو، هەربۆیە بڕیاریدا هەر بەو شەوە دارستانەکە بەجێ بێڵێت. تاریکی شەو، درەختە بەرزو چڕەکانی لەبەرچاوی کیژەکە گۆڕیبوو بۆ چەندین شێوەی ترسناك، ئەمەش هێندەی دیکە کیژەکەی هەژاندو نغرۆی

PDF4Kurd

ترسی زیاترو لەرزێکی بەردەوامی کرد سەرەڕای ئەوە لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو بەبێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەڕوات.

لەناو لەنێوەندی درەختەکانەوە ژمارەیەکی زۆر پڵنگ دەرکەوتن، کیژەکە بەبینینی پڵنگەکان‌و لە ترسا لەجێی خۆی چەقی‌و لە هۆش خۆی چوو و کەوتە سەر زەوی، بەڵام بە ئاستەم گوێی لە دەنگێك بوو قسەی لەگەڵ دەکردو دەیگوت:

- وەرە... من دەبمە پەناگەو پشتیوانت بەبیستنی ئەم دەنگە کیژەکە بەئاگاهاتەوەو سەیری هەموو لایەکی خۆی کرد بەڵام کەسی نەبینی، تەنها مانگی چواردە نەبێت کە بەتاقی ئاسمانەوەبوو، زۆر سەری سوڕما، پاش چرکە ساتێك دیسانەوە دەنگەکە قسەی لەگەڵ کردەوە و پێی گوت:

- پێت دەڵێم، وەرە بۆ لای من، لە پڵنگەکان ڕزگارت دەکەم‌و برینەکانیشت سارێژو تیماردەکەم. پاش وردبونەوەو سەرنج دانێکی زۆر لەبەر ڕۆشنایی مانگ، کیژەکە بۆی دەرکەوت ، ئەو دەنگەی قسەی لەگەڵ دەکات گوڵێکی بچکۆلەیەو بەدەم قسەکردنەوە گەڵاکانی دەکرانەوە، کیژەکەش هەستیکرد وردە وردە بچوك و بچوکتر دەبێتەوە، هێندە بچوك بوەوە هەتا توانی بچێتە نێوان پەڕەکانی گوڵە بچکۆلەکەوە کە هەموو پەڕەکانی کرابوونەوەو گەشابوونەوە، کیژەکە سوپاسگوزاری زۆری پێشکەش بە گوڵەکە کردو پێی وت:

* چەند حەزدەکەم لەبەرامبەر ئەم چاکەیەت دیاریەکی بە نرخت پێشکەش بکەم، بەڵام لە خۆم زیاتر هیچ شتێکی دیکە شك نابەم ، ئیدی بۆ هەتا هەتایە دەبمە هاوڕێی تۆو لەگەڵ تۆ دەمێنمەوە.

کیژەکە، تاکو خەوێکی قووڵی لێکەوت و جەستەی لەگەڵ گوڵەکەدا تێکەل بوو، ئەو وشانەی دەوتەوە، لێرەوە بەدواوە گوڵەکەو کیژەکە بوونە گوڵێکی گەلێك جوان‌و سەرنجڕاکێش، ئەوەش گوڵی(بیلادۆنا)یە.

لەو لاشەوە هەر حەوت براکە لە گەڕان و پشکنین بە دوای کیژەکەدا بەردەوام بوون، دواجار گەیشتنە ئەو شوێنەی کیژەکەی تێدا بزربووە، چەند جارێك لەو شوێنە سوڕانەوە، بەڵام جگە لە گوڵێکی جوانی ( بیلادۆنا) کە زوو زوو پەڕەکانی دەکرانەوەو دادەخرانەوە هیچی دیکەیان نەبینی، هاوکات لەیەك چرکەساتدا هەر حەوت براکە شێوەیان گۆڕ دراو بوونە حەوت پەپولەی باڵ نەخشین‌و بەردەوام بەدەوری گوڵەکەدا دەسوڕانەوە، بەبێئەوەی بتوانن لە گوڵەکە نزیك بکەونەوە لەبەرئەوەی گوڵەکە بۆنێکی پەخش دەکرد کە ژەهراوی بوو، زیانبەخش بوو بۆ حەوت برا پەپولەکان، لێرە بەدواوە ئەو حەوت برا پەپولەیە بۆ هەتا هەتایە لە دەوری گوڵی(بیلادۆنا) دەسوڕێنەوە بەبێ ئەوەی بتوانن لێی نزیك بکەونەوە

***

**((کۆتایی))**

PDF4Kurd

**کتێبە چاپکراوەکانی محەمەد کەساس**

1- ماملیی هونەرمەند(کورتەی ژیان و کاری هونەری و هەندێك لە گۆرانیەکانی هونەرمەند محەمەدی ماملێ)یە ساڵی (1979).

2- تروسکە(دیوانی شیعر) ساڵی (1980).

3- کەوی کوێستان(شیعر بۆ منداڵان) ساڵی(1984).

4- مەرگی هەڵۆ(دیوانی شیعری بەرگری ) ساڵی1986 لەشاخ.

5- کارزان و هاوڕێکانی(کورتەی ژیان و کاری هونەری چوار هونەرمەندی شەهیدی کارزان- فرمان- ئازاد- رێبوار) بەوێنەوە ساڵی1987.

6- هەوێن (دیوانی شیعری بەرگری) ساڵی 1991.

7- سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزوتنەوەی نەقابی لەجیهاندا وەرگێران ساڵی 1992

8- لە ئەدەبی گەلانەوە(وەرگێڕان و ئامادەکردن) ساڵی 1999 دووجار چاپکراوە.

9- خۆر(شیعربۆ منداڵان) ساڵی1995.

10- منداڵ و شیعر (شیعری زانستی و ئۆپەرێتی شیعریی بۆ منداڵان) ساڵی 2000.

11- منداڵ و سایکۆلۆژیەتی پەروەردەکردن(لێکۆڵینەوەی دەرونزانی و پەروەردەیی وەرگێران و ئامادەکردنی ) ساڵی(2000) چاپی دووەم ساڵی (2005).

12- کارزان و هاوڕێکانی(چاپی دووەم) ساڵی (2003).

13- بەفرباریین (شیعر بۆ منداڵان) ساڵی (2003).

14- کەروێشکە پیاو (چیرۆك بۆ نەوجەواانان –وەرگێران) ساڵی 2005.

15- بارانی موحیبەت (دیوانی شیعر) ساڵی 2004.